# مرۆڤ
# و
# فەلسەفە

## بەشی دووەم
## تێزی ڕەهابوون و ڕێگاکانی ناسینی یەزدان

حەمە غەریب حەمە تۆفیق

لای هەندێك گرفتی ڕەهابوون (Absolute) و قسەکردن لەسەر ئەم چەمکە گرفتێکی ئاینییە نەك فەلسەفی، بەتایبەتی کاتێك قسە لەخودێك (ذات) بکرێت کەبوونی پێویست بێت (واجب الوجود).

ئەگەر واقیعبینانە سەرنجی لێبدەین ئەوا دەبینین ئەم گرفت و تەوەرە زیاتر فەلسەفیە پێش ئەوەی ئاینی بێت، ئەم گرفتە لەمێژووی بیروفەلسەفەدا پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە و باس و خواسی زۆری لەمەڕکراوە، لەهەردوو فەلسەفەی ئیسلامی و مەسیحایدا مشتومڕی زۆری لەسەرکراوە، هەندێجار دەبینی کە ئایندااران و فەلسەفەکار لەسەر بوونی یەزدان کۆکن، لەسەر ئەوەش کۆکن کە ئەو یەزدانە باڵای جیهانەو خولقێنەریشە، بەڵام جیاوازی نێوان ئایندارو فەلسەفەکار لەئەوەدایە کە هەرچی فەلسەفەکارە دوای تێڕامان بوونی یەزدان دەسەلمێنێت.

فەلسەفەکار لەوێوە هەنگاو هەڵدەگرێت کە جیهانی سروشتی و دیاردەکانی لەخاڵی سەرەتاو دەستپێکردنەوە بەرەوخاڵی کۆتایهاتن، دەڕۆن، دەبینێ دیاردە سروشتی و مادییەکان لەبەیەن دەچن، ئیدی ئەو ئەم پرسەی لادروست دەبێت کە ئەی بەرکەماڵ لەچ شتێکدایە؟ سەرەتا چ شتێك هەبووە؟ ئەگەر شتەکان بەرەوکۆتایی بڕۆن ئەی لەدواساتدا چی دەمێنێتەوە؟ ئەگەر ئافەریدەکان خولقێنراوبن ئەی هێزی خولقێنەر چییە؟ لێرەوە گرفتی بنەڕەتی سەرهەڵدەدات پرسەکانیش ناکرێت هەروا بێ وەڵام بمێننەوە.

خودی یەزدان کە تەوەری بنەڕەتییە لەسەرەتای سەرهەڵدانی بیرەوە ئەوا بەدوو ڕێگا دەناسرێت:

ڕێگای یەکەم: ئایین.

ڕێگای دووەم: فەلسەفە.

بوخنیسکی پێی وایە مرۆڤ لەهەموو حاڵێکدا هەریەك هەڵوێستی هەیە، ئەویش ئەوەیە ناتوانین باوەڕدار و بیرمەند لێك جودا بکەینەوە، هەربۆیە هەمیشە مەترسییەك لەسەر بیروفیکرمان هەیە، بیروباوەڕمان کاردەکاتەسەر بیروفکری فەلسەفیانەمان، بۆیە هەندێجار لافی ئەوە لێبدەین کە شتێك دەزانین و پێمان وایە بەڵگەی ڕاستی و دروستیشی ئامادەیە، کەچی ئەقڵ و فەلسەفە ناتوانن یەك بەڵگەشی لەسەر بهێننەوە.

وایتهید وشیاریداوە کە لەنێو بیری ڕۆژئاوادا تاکە یەك فەیلەسوف هەیە لەو هەموو گەورە میتافیزیکاییانە کە توانیبێتی بەشێوەی سەربەخۆ بوونی رەها (المطلق) لەبیروباوەڕ قسەبکات، ئەویش ئەرەستۆیە، یانی کاتێ قسەلە رەهاکراوە هەمیشە گرێدراوی بیروباوەڕ بووە، بەلاّم لەوناوەندەدا کەسێك توانیویەتی ئەو گرفتە یەکلایی بکاتەوە کە بەدەر لەبیروباوەڕ رەهابوون شوێنی هەیە و بەڵگەی سەلماندنی لەبەردەستدایە، بەلاّم هەموو ئەوانەی کەدوای ئەرەستۆ هاتوون هەرلەئەفلۆتین هەموویان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بیروباوەڕەوە، فەلسەفەش جگەلەوەی کە ئەرەستۆ پێی گەیشتووە شتێکی تری لەدەست نایەت، وێناکردنەکەی ئەرەستۆ بەدابڕانی هزری رەها لەبیروباوەڕ وێناکردنێکی دروست و تەواو بێت یان نە، ئەوا یەکەم گرفت کەمەسەلەی بوونی یەزداندا دێتە ڕێمان لەرووی فەلسەفیەوە مەسەلەی بەڵگەی سەلماندنی یەزدانە، کەسیش نیە کەلەنێو زەین و خەیاڵدانیدا وێنایەکی تایبەتی لەمەڕ یەزدان نەبێ، چەندین ڕێگەش هەیە بۆ سەلماندن، ساناتر لەچەندین ڕێگەی جیاجیاوە قسەلەبوونی یەزدان کراوە.

هەندێك دەڵێن بوونی یەزدان بێ تێڕامان لەنێو هۆش و بیرماندا جێگیرە، ئەمانە بەحەدسی هەستیارەکان ناسراون ئەمانە بەوەناسراون کە هەروا ڕاستەوخۆ مرۆڤ یەزدان دەناسێت، یەزدان لەرێگەی ئەزموونی ژیانمانەوە خۆیمان پێدەناسێنێت، هەڵبەت نیازومەبەست لەئەزموون یان ئەزموونی رۆحانیە وەك ئەوەی لای سۆفیزم هەیە (بریجسۆن) هەر ئەم رایەی هەیە، یان هەر مەبەست ئەزموونی ژیانەو لەتێڕامانمان بۆ شتەکانی جیهانی سروشتی رۆیشتنیان بەرەو کۆتایی پێهاتن ئێمە

دەگەینە ئەوە کەشتی بێکۆتای بوونی هەیە، ئەمەش مانای وایە ئێمە دەرك بەرەهابوون لەخودی ڕەهابوون ناکەین، بەڵکو لەئەنجامی ئەوەوە کە شتگەلی زۆر و زەوەندی ئەم جیهانی سروشتییە ئەزموون دەکەین و دەبینین بەرەو کۆتایی هاتن دەڕۆن لەوەڕا دەرك بەئەوە دەکەین شتی ناکۆتا (اللاتناهی) هەیە کە ئەویش هەردەکاتە ناسینی ڕەها (المطلق) ووردتر بێکۆتایمان لەکۆتاییەوە ناسیوە، وەك شیلەر دەڵێت: ئێمە ڕوئیاو بینینمان ڕوئیایەکی ئەقڵیە لەنێو هەبووە گۆتاهاتووەکاندا (الموجودات المتناهیە) ئەم ڕوئیایە ئاماژەمان بەدەرکپێکردنی مەسەلەی بێکۆتا (اللاتناهی) پێدەکات، یان وەك (یاسبەرز) دەڵێ: مرۆڤ لەتێڕامانی لەخۆی وەك خودێکی کۆتا دەگاتە ئەوە کە لەبەرامبەریەوە خودێکی جیاواز و بڵند هەیە و ئەو خودە بێکۆتاییە، لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەوە کەسانێك هەن پێیان وایە بوونی ڕەها پێویستی بە بەڵگەی ئەقڵی هەیە، ئەمانە دووبەشن، هەنێدکیان بەبێ پشت بەستن بەئەزموونکردنی بوونی کۆتاییەکان، ڕاستەوخۆ لەبیری رووت (الفکر المجرد) ئەم هەبووە بەیەکەم تێڕامان هەڵدەهێنجێت، ئەمەش هەر وەك چۆن لەپێناسەی سێگۆشەوە دەتوانین هەموو سیفەتەکانی بناسین هەربەوجۆرە دەتوانین یەزدان و سیفەتەکانی بناسین وەك (قدیس ئەنسەلیم و دیکارت و سپینۆزا و هیگڵ) و ئەوانی تریش دەڵێن.

بەشی دووەم : بەڵگەی سەلماندنەکە لە ئەزموونکردنی شتەکانی جیهانی سروشتی وەردەگرن، ئەمانە بەدژی دەستەی یەکەمن کەوەك ڕەوتێکی سۆفیزم بیردەکەنەوە.[١]

بەڵگەگەلێکی دیکەش لەمێژووی فەلسەفەدا بەرچاو دەکەون کەهەر لەمجۆرەن وەك بەڵگەی سستماك بوون (دلیل النظام) کە مەبەستی لەم جۆرە بەڵگەیە ئەوەیە لەئەنجامی بوونی سستمێکی تەواو ڕێك و گونجاو لەگەردوون و جیهاندا دەگەینەئەوە کە ڕێکخەرێکی هەیە، هەروەها بەڵگەی گەردوونی (الدلیل الکونی) کە ئەمیش لە بەڵگەی پێشەوە نزیکە، بەڵگەی سایکۆلۆژیاو بەڵگەی جوڵە (دلیل الحرکە) ئەمەیان بەمانای ئەوەدێ کە زانایانی بۆجێکی دەبێژن هەموو جوڵەیەك جوڵێنەرێکی هەیە.

هەڵبەتە ئەو بەڵگانەی پێشەوە بۆ سەلماندنی تێزی ڕەها بەکاردەبرێن یان ساناتر بۆ سەلماندنی هێزێکی پشت سرووشت یان وەك هەندێك دەڵێن یەزدان، بەڵام (ئەمانوێل کانت) ئەو بەڵگانەی داوەتەبەر نەشتەرو سەرلەبەرێ ڕەتکردوونەتەوە مێژووی فەلسەفەی دێرینیش بەفەلسەفەی

ئیسلامیشەوە لێوان لێوە لەكێشمەكێشم و باس و خواس لەمەڕ ئەو بەڵگانەوە چ بەسەلماندن و دانپێدانان و چ بە رەتكردنەوە و نكولی لێكردن.

بەهەرحاڵ وایتهید وەك فەلسەفەكارێكی مۆدێرن ئاماژە بەئەوە دەكات كە هێزێكی خولقێنەر و پاڵنەر لەهەمانكاتدا رێكخەریش هەیە لەپشت رەوتی گەشەكردنی زیندەوەرانیش كەساناترین زیندەوەرە (ئەمیبایەك) تاكو دەگاتە مرۆڤ، مەبەستی وایتهید ئەوەیە كەپرۆسیسی گەشەكردن لەزیندەوەردا بەگشتی بەڵگەی بوونی هێزێكی رێكخەرە كە ئێمە بەواتایەكی دیكە ناومان ناوە یەزدان، بۆ زیاتر روونكردنەوەی تێزەكەی وایتهید و رای بەرامبەرەكەشی كە ئەمە وادەكات گرفتەكانی دیكەش چارە بكرێن (بریكسۆن) تێزی هەڵقوڵێنی زیندویەتی (**الدفقة الحیویة**) ی كردووەتە دەسپێك و لەوێوە روونكردنەوەی داوە كە گەشەكردنی زیندەوەران بەپلان و دیزاین و تەدبیركردنێكی بەسەلیقانە ئەندام دراوە، كە ئەمە هەرگیز كاری ماددە و بێ سەرەو بەرەیی نیە، تیۆری هەڵقوڵێنی زیندویەتی بەو ماناومەبەستەیە كە ماددە هەڵگری رۆح یان پلازمای زیندوبوون یان هێزێكی زیندووە، هەرچۆن رەگی درەخت و لقەكان رۆڵی بەزیندوراگرتنی درەخت دەبینن.

(هێربەرت سپنسەر) یش گوتوویەتی: نەخشەو پلانێكی نادیار لەگەردووندا هەیە، لەكاتێكدا (هیگڵ) گوتویەتی دەركەوتنی سروشت و شتەكان رەنگدانەوەی رۆح یان رەهابوونن كە لەپرۆسیسی خۆنواندنی رەهابوون لەنێو خودی خۆیدا بەرجەستەدەبێ، توێژەرەكان ئەم تێزەی (هیگڵ) یان روونكردووەتەوە كەنیازی لەئەوە هەبووەكانی جیهانی سروشتی لەئەنجامی پرۆسیسی ئاوێزان بوون و خۆنواندنی رۆح یان موتلەق (Absolute) بەرجەستەدەبن، بەلاّم ئەو راستیە نەشارینەوە كە هیگڵ بڕوای بەخودای ئاینە ئاسمانیەكان نەبووە كە خودایەكی تاك و تەنیاو زاناو داناو هەڵسوڕێنەر...... هتد، بەلاّم بڕوای بە ئەوەهەبووە كە ئەو هێزەی گەردوونی ماددی گەشەپێدەكات و لەدواساتدا مرۆڤی هێناوەتەكایە و ئەم بەرۆحی مرۆڤ دەری بڕیوە ئەشێت هەرناوێكی گەورەو بایەخداری لێبنرێ و لەهەر فۆرمێكدا شیاوی ئەوبێ دابنرێت، فینۆمنیۆلۆژیای رۆح لەفەلسەفەی هیگڵ دا هەرئەم ئامانجەی هەیە، هیگڵ لەتەمەنی خۆیدا هێندە گرنگی نەداوە بەلێكۆڵینەوە لەبوون و نەبوونی یەزدان، بەلاّم كەیفی بەمەسیحیەت هاتووە كە ناوی یەزدان بەرۆح دەبەن و لەتێكستەكانیاندا ئاماژە بەئەوە دەدەن یەزدان هاتووەتە نێوجەستەی مرۆڤ و خۆی لەكوڕی ئینساندا بەرجەستەكردووە.[٢]

لەئینگلترەش قوتابخانەیەك بەناوی (قوتابخانەی گەشەکردنی هەڵقوڵاو) سەریهەڵدا، دامەرزێنەرەکانی چەند فەلسەفەکارێکی ناسراو بوون لەوانە وایتهید ئەلیکساندەر و مۆرگان، ئەم قوتابخانەیە هەر هەڵگری هەمان دیدگابووە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەویش بوونی نەخشەو سستماکبوونە لەگەردوون و سەرجەم ئافەریدەو خولقێنراوەکاندا ئەگەر ئەم گۆتە (ئافەریدە و خولقێنراو) نەبێتە شوێنی تێڕامان بەوپێیەی کە هەموان بەخولقێنراوی دانانێن، بەڵگەی دیزاینکار و رێکخەری ئەو یاساو رێساو بەرجەستەکردنی جیهانە بەم شێوازە شکۆدارەی ئێستای، هەڵبەتە دەوترێت بەرەچاوکردنی ئەم هەموو وردەکاری و سستماك بوونە ناکرێت بڵێین ماددە خۆی بەفاکتەری خودی.

دەتوانیت خۆی بەجۆرە رێکبخات، ئێمە لێرەدا قسەلەئەوە دەکەین کە بەپێی ئەم وێناکردنە ماددە کوێرە لەهەمانکاتیشدا سستمێکی وردو بێ کەموکورتی و پڕمانا بەرجەستەیە، کەواتە لەم جیهانە سروشتیەدا ئامانج هەیە ئەم چەمکە بەچەمکی ئامانجداربوون (الغائیە) نازەدکراوە، کە گەردوون بەپێی نەخشەو دیزاینکردنی زانستانەو ورد لەلایەن هێزێکی بالادەست و زاناو تواناوە رێکخراوە، ئەو هێزە لەناوخۆی ماددەدا نیە، بەڵکو لەدەرەوەیەتی، کاتێك قوتابخانە گەشەی شرۆڤەبوون (**التطور الأنبثاقی**) هاتەناوکایە، کەرای گەیاند ئەو گەشەکردنەی کە لەدیارچامانەو لەئەمیبایەکەوە بۆ مرۆڤێك روودەدات، نیشانەی ئەوەیە کەئەو گەشەو گۆڕانە لەلایەن هێزێکی زاناو تواناو بەدەسەلاتەوە نەخشەرێژکراوە، ئەو هێزە خولقێنەرە و بەئامانجێك پرۆسیسی گەشەو گۆڕانە هەمە جۆرەکان ئەنجام دەدات، بەلام ماتریالیستیەکان و هەموو قوتابخانە سروشتیەکان پێیان وایە پرۆسیسی هەڵقولاندن و سەرهەڵدانی زیندەوەری نوێ، پوختەی دیدگای ئەمان ئەوەیەکە ئەم جیهانە بۆخۆی پێویستیەکەو ئیمکانیش نیە، بەشێوازێکی تر بوایە، لەم هەڵبژاردن و دیزاین و شێوە دارشتنانەی ئێستاشیدا پشتی بەهیچ هێزێکی دەرەکی نەبەستووە لەدەرەوەی سنوری سروشت و جیهانی ماتریالی.

ماتریالیستەکان دەڵێن هەرگیز ئەوگریمانەیە لەگۆڕێدا نیە کەوای دابنێن ماددە و وزە و جولە کات پەیدابوون یان بەرەو کۆتایی و نەمان دەڕۆن، بەڵکو ئەم جیهانی پێویستیەکەو هەمیشەو بەردەوامە لەبووندا بۆهەتاهەتایە و بەجۆرەی ئێستاشی هەر بەرقەرارە، بەلام شتەکان بەشەکیەکانی (الجزائیات) وەك درەخت یان کەسێك ئەوە بێگومان سەرەتای سەرهەڵدان و پەیدابوونی هەیە، ئەم

جیهانه شتێکی تێدانیه نێگەتیف بێ، هەمووشتەکانی بەرجەستەن و بوونیان هەیە، بەلاَم درەختێك کەسێك زیندەوەرێك ئەوە دەتوانین بڵێین جۆرە نێگەتیف بوونێکی تێدایە یان کەموکورتی یان سنورداربوونی هەیە.[٣]

تائێستاش هەرجۆرە تەمومژێك لەسەر گوزارشتەکان هەیەو پێویستی بەروونکردنەوەی زیاتر هەیە، بۆ ئەگەر تیۆرەکان پێکرا تەماشابکەین دەبنەدوو دەستە، دەستەیەك لایەنگری ئامانجداربوونن (الغائیە) لەسروشت و گەردوون و سەرجەم هەبووەکاندا بەزیندەوەر و مرۆڤیشەوە، لای ئەم دەستە دیدگایەکی دیارو روون هەیە، کە هێزێکی دەرەکی و ئەو دیوسروشت خولقێنەر و ئافەریدەکاری دروستکراو ئافەریدەکانە.

دەستەی دووەم: ماتریالیستی و قوتابخانە ریالیستیەکانە، لای ئەم دەستەیە دەرکەوتنی جۆرەکان (**ظهور الأنواع**) و بوونی سستم و یاساگەلی جێگیر لەسروشدا، واراڤە دەکرێت کە زۆرجیاوازە لەدیدگای دەستەی یەکەم، چونکە ئەمان بەپێچەوانەی دەستەی پێشوو، پێیان وایە پرۆسیسی گەشەوگۆڕان هیچ راڤەیەکی ئامانجدار بوون و نەخشەرێژکردنی لەپشتەوە نییەو ئافەریدەی هێز، هێز و خولقێنەرێکی ئەودیوسروشت نیە، بەڵکو مەسەلەی گۆڕان و هەرجۆرە جوڵەو......هتد، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شتەکان بۆخۆیان خاوەنی تایبەتمەندێتی خودین و هەرشتەش بەپێی جوڵەو بونیاتی ناوەوەی کە بەیاساکان ناسراوە کارلێك و هەڵسوڕاون و گەشەوگۆڕان دروست دەکات و پێکهاتەی نوێ پەیدادەبێ، ئەمەش بەفاکتەری دژبوونی ناوخودی شتەکان روودەدات، بەلەبەرچاوگرتنی پێوەندی نێوان شتەکان، ماددەکان بەچەند شێوە خۆدەنوێنن و دەردەکەون، دەنا چەندێتی ماددەکە هەریەکەو ئەو گۆڕان و گەشەکردن و زیادوکەم کردنە تەنها دووبارە بوونەی رێکخستنی ماددەیە، هەرپێکهاتەیەکی تازەش کاریگەری لەسەر پێکهاتەی نوێ دادەنێت، چەندین یاساش هەیە کە گۆڕانی سانا بۆ گەورە ئاڵۆزتر دیاریدەکات لەوانە یاسا بەناوبانگەکەی هیگڵ کەبەیاسای دیالیکتیکی ناسراوە.

هەروەها یاسای گۆڕانی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی (**التحول الكمي إلى الكيفي**) یاسای پێوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆك یاسای کاریگەری ژینگەو بۆ ماوە (**الوراثة**) یاسای جەدەلیەتی سستم لەمەودای بێ سەرەوبەرەیی (**العشوائية**) کە ئەمەیان پەیوەستە بە تیۆرەکەی (چارلس داروین) لەدەستنیشانکردنی سەرهەڵدانی بنەڕەتی جۆرەکاندا (**أصل الأنواع**).

هەڵبەتە مەبەستی داروین لەئەو فەوزاو بێ سەرەوبەرەییە ئەوەیە کەزیندەوەرێك هەزاران و هەندێ جار بەملیۆن خانە یان گەرا هەڵئەرێژێ، بەڵام لەنێو ئەو بێ سەرەو بەرەییەدا کامەیان گونجاوتر بوو دەمێنێتەوە و ئەوانی دیکە لەبەین دەچن، ئەوەیان دەمێنێتەوە کە دەتوانێت لەگەڵ دۆزی ژینگەکەدا خۆی بگونجێنێت.

نمونەی بەرچاوهەیە کە لەمەودای بشێوی و بێ سەرەو بەرەییەوە سستمگەلێك سەرهەڵدەدات کە هیچ دەستێکی ئەودیو سروشتی لەپشتەوەنیە، بەوێنە کاتێ دەچیتەسەر رۆخی دەریا یان دەریاچە یان چۆمێك سەرنج بدە دەبینیت هەرچی بەردەخڕو دوسفتەکەیە بەشێوەیەکی ئەندازەیی و رێکوپێك بەقەراغ رۆخەکەدا بەریزکراو دەبینرێت دواتر بەردە گەورەکان ئەنجا لەوانە گەورەتر، کە دەبینی بەشێوەی کێڵگەیەك بەش بەش لم و چەو و زیخەکان بەشێوەیەکی ئەندازەیی سەرنج راکێشن لەدوورەوەی رۆخەکە تاکو سەرەتاو ناو ئاوی رۆخەکە تەواو رێکخراو و ئەندازەییە، ئەمەش هیچ رێکخەرێك ئیشی لەسەر نەکردووە.[٤] لێرەدا راو جیهانبینی ماتریالیستی و ریالیستەکانمان بۆ روون بوەوە و دەرکەوت کە جیهانبینی ئەوان ماتریالیبیانەیە، پێشتریش راو جیهانبینی قوتابخانەکان گەشەکردنی هەڵقولاندن و سەرهەڵدانی جۆرو زیندەوەرەکان بەڕوونی داکۆکی کردن بوو لە بوونی هێزێك کە داهێنەرو خولقێنەرە و سستمەکانی جیهانی سروشتی رێکدەخات و هیچ شتێك هەروا لەخۆڕا پەیدانیە، بەڵکو هەموو جوڵەو گۆڕانێك ئامانجێکی بنەڕەتی لەپشتە بەڵام لەنێوان ئەم دوو جیهانبینیەشدا دیدگایەکی دیکە بەرچاو دەکەوێت ئەویش دیدگای (ژان پۆل سارتەر) کە یەکێکە لەگەورە رێبەرەکانی تیۆری و جودیزم لەرۆژئاوای سەردەمدا، سارتەر جیهانبینی جیاوازی هەیەو هیچ کام لەئەو دوو جیهانبینیەی پێشەوەی سەلماندووە، نەگریمانەو مەسەلەی هۆکار (السبب) بوون وەك رێبازە ئینبساقیەکان (**التطور الانبثاقي**) دەسەلمێنێت کە گوایە هەموو خولقێنراوەکان دەرئەنجامی خولقێنەرێکی بەهێزن، لەبەرچەندین ئاستەنگی وا کە مێژووی فەلسەفە سیخناخە لەو ئاستەنگ و لەم پەرانەی دەبنەرێگر لەبەردەم سەلماندنی وەها جیهانبینی و تیۆوتیۆرێکدا، هەم دیسان نەشمانتوانیوە راڤەو لێکدانەوەکانی ماتریالیزمی جەدەلی قبوڵ بکات، ئەمیش لەبەرئەوەی ماتریالیستیەکان ماددەیان بەئەزەلی و هەمیشەیی داناوە نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بەبڕوای ئەوان ماددە بێ پێشینەو راستەوخۆ هەر هەبووە و هەربەشێوەی ماددیانەش دەمێنێتەوە، ئەگەر گۆڕانیش رووبدات گۆڕانی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی دەبێ وەك گۆڕانی ماددە بۆ ووزە کەئەویش بەشێوەیەکە

لەشێوەكانی مادده لەدۆخێكی جیاوازدا، دیسان ماتریالیستەكان نەشیان توانیوە بەشێوەیەكی لۆجیكی و زانستانە روونی بكەنەوە و بیسەلمێنن كە شتەنوێیەكان گیاندارە تازەكان بەچ جۆرێك پەیدادەبن، لەكاتێكدا لەدیدگای ئەواندا مادده كوێرە، هیچ ئیرادە و توانایەكی نییە تەنها ئاماژەبە دژبوونی ناوخۆی مادده دەكەن.

مەبەستی سارتەر لەئەوەیە ئەگەر مادده بۆخۆی لەكاركەوتوویێت و كوێربێت ئەی چۆن و بەچ رێگەیەك گەشەدەكات و بەرهەمێك دەدات كەلەبنەرەتدا بۆخۆی نیەتی، ئەم سەرنج دانەی سارتەر وای لێكردووە كە پێی وابێت جیهان هیچ پێویستیەكی خودی نەبێ كەلەسەر ئەم شێوەی ئێستا بونیات بنرێت نەك شێوەیەكی تر كە هەندێك جار لەخەیاڵدانی مرۆڤدا دروست دەبێ، جیهان و ئەم سروشتە بەشێوەیەكی دیكە بایە باشتر بوو، سارتەر دەبێژێت دڵنیابن كە هۆكارو فاكتەریش (سبب) لەگۆڕێدانیە كەوای كردبێت ئەم شێوازەی هەڵبژاردبێت و جیهانی لەسەر ئەم سستمە بەرچاوە بەرقەرار كردبێت، كەواتە جیهان جگە لەمەتەڵێك بەولاوە هیچی دیكەنییە، جیهان بێ ماناو بێ مەبەستە بەتایبەتی مرۆڤ.[٥] ئێمە لەنیازو مەبەستەكانی سارتەر تێگەیشتین كە ئەو لەگەڵ هیچ كام لەئەو دووجیهانبینیەی پێشەوەدانیە سارتەر بیرمەندێكی بێهودەو عەبەسیانەو وەك پوشی دەم رەشەباوایە، پێی وایە مرۆڤ و ئەودوای ئافەریدەكانیش بێ ئامانجن، لەكائینێكی بێ ماناو مەبەست و بێهودە بەولاوە هیچی ترنین مرۆڤ ژیانێكی نامەعقولانەو عەبەسییانە دەژێت و بەنامەعقولانە بەعەبەسیانەش كۆتایی پێدێت، مرۆڤ لەدیدگای وجودیزمدا عەبەسییە درۆیەكی شاخدارە بۆ هیچ ئامانجێك نەخولقێنراوە.

ئێمە قسە لەگرفتی رەهایی (bsolute) دەكەین وەك بوخنیسكی ئاماژەی پێدەكات گرفتەكە لەئەوەدانیە كەچۆن بیسەلمێنین كەهەیە، بەڵكو گرفتی بنەرەتی لەئەوەدایە چۆن دەركی پێدەكرێت و دەناسرێت، چونكە ئەو چەمكە (رەهایی) پێویستە بەتەواوی لەهەمووشتەكان و لەسەرجەم چەمك و فۆرمەكانی تر جیاواز بێت، پێویستە بونێكی واقیعیانەی راست و دروستی هەبێت لەگەڵ ئەوەشدا گەرەكە بەجۆرێك لەجۆرەكان سیفەتەكانی هەبوویەكی ئایدیایی **(الموجود المثالي)** هەبێت، چون ئەو پێویستیە كە **(ضرورة)** بوونەكەی واجبە هەروەكو بونێكی ئایدیالیستی.

كەواتە ئەو (رەهایی) یە هەمیشەییەو لەسەرو شوێن و كاتەوەیە، بەمانای وشەش تاكەو وەك هیچ شتێكی دیكە ناچێت، تەواو بێ كەم و كورتیە، بەهیچ هێزو فاكتەرێكی دیكە رانەگیراوە هەربۆ

خۆ سەربەخۆیە بەجۆرێکیش زیندووەکە ئێمە ناتوانین لەخەیاڵدانی خۆماندا وێنای بکەین و بیهێنینە زەینمانەوە، دەبێ سیفەتە بالاو بڵندەکانی رۆحانی بوونی بدەینەپاڵ، وەك کەسێتی بیناسین، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ناتوانین بەوشەو زاراوە مرۆییەکانمان گوزارشتی لێ بکەین کەپڕ بە ئەوبێت، ئێمە بەوشەگەلی مرۆڤانە گوزارشت لەئەوەدەکەین کە ئەو بالای ماناو مەبەستەکانی ئەو زاراوە مرۆییانە، کاتێك دەبیژین رەهایی (**المطلق**) کائینە، وشەی کائین مانایەکی دیکەی هەیە ئەومانایە نادات کە بۆ موتڵەق هەیە یان پێناس بۆی، بەمەش فەلسەفە کەوتوەتە قەیران، یان دەبێ بڵێین موتڵەقیش وەك ئەو دوای ئافەریدەکانی دیکەوایە، بەلام بەهەموو پێوەرەکان لەئەوان بالاو بڵندترە، یان دەبێ بڵێین ئێمە هیچی سەبارەت نازانین، بەلام دیارەڕای یەکەم کە موتڵەق هەروەك ئەو دوای کائینە خولقێنراوەکانی تر بێ، بەلام لەوان بالاتر ئەوە رایەکی بێ بنەمایە، چون هەرگیز رەهایی وەك شتەکانی دیکە نییە، هەرچی رای دووەمیشە کەنازانین موتڵەق چۆنەو چییە، ئەمەش هەر رایەکی بەتاڵە، چون کاتێ ئێمە هیچ شتێك لەمەڕ چەمکێك نەزانین ئیدی مافمان نیە هیچیشی دەربارە بڵێین چ بەباری سەلماندن و ئەکتیڤ و چ بەباری رەتکردنەوەو نێگەتیڤدا، هەڵبەتە لەڕووی لۆجیکییەوە هەردوو وێناکردن و هەردووڕاو بۆچونەکە هەڵەن.

وەك ئاماژەمان پێدا رادەیەك رەها یان ساناتر یەزدان دەهێنێتە ریزی ئافەریدەکان و رایەکەی دیکەش باس لەبوونی دەکات و کەچی دەبێژێت هیچی دەربارە نازانین هەردوو ئەم دووگریمانەیە بۆ ئەوەبوو کە لەرووی لۆجیکییەوە بیسەلمێنین رێگەی لۆجیکانە هەیە بۆ ناسینی رەها، لێرەدا دەچینە سەرخاڵێکی دیکە کە پەیوەستە بەموتڵەق لێرەدا قسەلەبوونی نیە، بەڵکو قسە لەپەیوەندی موتڵەق بەجیهانەوەیە، ئەگەر ئەوبۆخۆی بێکۆتایی (لامتناهی) ئەوا دەوترێت تەنها هەر بۆ خۆی هەبووە و هیچی دیکە بوونی نەبووە و بوونیشی نابێت کەئەمە پەلکێشمان دەکات بۆ رێبازی یەکبوون (pantheism) کەبەمانا جیهان یەزدانە، یان جیهان بەشێك یان نیشانەی ئەوە ئەم هزرەش قسەی لەسەرکراوە و رەتکراوەتەوە، بەلام زانایانی کەلام و لۆجیك مشتومڕی خۆیان کردووە لەمەڕ ئەم چەمکەوە، ئێمە لێرەدا بەدوای مەسەلەی پێوەندی نێوان فەلسەفە و مرۆڤەوەین، گرفتی بوون (الوجود) هەرچۆن گرفتی جیهان و گەردوونە بەوجۆرەش پەیوەستە بەمرۆڤەوە بەوپێیە مرۆڤیش بەشێکە لەهەبوون، مرۆڤ ئەو کائینەیە کەبەمێشك و ژیرییەکەی لەئەو دوای ئاژەڵەکانی دیکە جیا

دەبێتەوە هەربۆیە زانایانی لۆژیك لەپێناسی مرۆڤدا دەڵێن: مرۆڤ ئاژەڵێكی گۆیایە واتە قسەدەكات و دەدوێت.

مرۆڤ خاوەنی زیرەكییە (ذكاء) و كائینێكی كۆمەلایەتیشە كۆمەلایەتی بوونی مرۆڤ پشت بەكلتور دەبەستێت و لەكۆمەڵگەوە فێری زانست و نەریت و چاكەو خراپەدەبێت و راستی و هەڵە دەناسێت، لەرێگەی كلتورەوە هەنگاو دەنێت و پێشدەكەوێت، بەم جۆرە سەرجەمی مرۆڤایەتی و كۆمەڵگە بەگشتی بەرەوپێش دەچن، مرۆڤ داهێنەرە بۆیە ئەزموونەكانی خۆی لەشێوەی پەراودا بەرجەستەدەكات و بەنەوەكانی داهاتوی دەسپێرێت، پێشكەوتنی مرۆڤ لەرووی بایۆلۆژییەوە نییە چونكە مرۆڤی سەردەم و مرۆڤی سەردەمی یۆنانیەكانی پێش لەزاین هیچ جیاوازییەكی نییە، بەلام دەبێ ئەو راستیە بزانین كە پێشكەوتنی مرۆڤ و تەكنۆكراتبوونی و بەرجەستەكردنی كلتورەكانی فاكتەری ئەوانە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ توانای بیركردنەوەی تایبەتمەندترین تایبەتیەكانی مرۆڤ ئەوەیە كە لەبیركردنەوەدا توانای ئەوەی هەیە بیروهزری گشتاندن (تعميم) و رووت بوون (تجريد) بەرجەستەبكات، كە مەبەستی ئەوەیە چەمكگەلێك لەنێو بیروهزریدا دەخەملێنێت لەدونیای واقیعدا بەرجەستە نین، بەڵكو چەمكن لەوانە رەهابوون، چاكە، خراپە، هتد ئەمەش یەكێكە لەو سیفەتانەی كە لەئاژەڵدا بوونی نیە، ئاژەڵ كائینێكی بایۆلۆژیانەیە، بەلام مرۆڤ لە بازنەی بایۆلۆژی دەچێتە دەرەوە، وەك كائینێكی ئەقلانی رەفتاردەكات، پێش ئەوەی هەرهەنگاوێك بنێت جارێ بیرلەئەنجامەكەی دەكاتەوە، بیر لەوەدەكاتەوە چۆن هەنگاوی بۆ بنێت لایەنەچاك و خراپەكانی لێك دەداتەوە، ئەمە بۆخۆی فەلسەفەی ژیانی مرۆڤە، مرۆڤ و فەلسەفە پەیوەستن، هەندێجار مرۆڤ هەنگاوی دیكە دەنێت و تێزو هزرەكانی بەشێوازی مەعقولانەو لەمەقولەدا بەرجەستەدەكات ئەو دەمە ئەو مەقولەیە دەچێتە نێو كلتور و بابەتە ئەدەبیەكانی میللی برێك جاریش مەقولەیەك دەبێتە سەرمەشق بۆ نەتەوەیەك یان بۆ مرۆڤایەتی.

ئێمە لەبەردەم دووگرفتداین كەپێشتر و زۆر لەمێژە فەلسەفە قسەی لێكردووە:

یەكەم: ئایا مرۆڤ هیچ شتێكی بنەڕەتی و گەوهەری تایبەتی هەیە كەلەئەو دوای گیاندار و كائینە هەمەچەشنەكانی تردا نەبێت. ؟

دووەم: ئەوەیە پێوەندی ئەقڵ و هزر بە ئەو دوای بەشەكانی جەستەوە چییە؟ یان پێوەندی هزرو بیر لەگەڵ ئەودوای مەسەلە سروشتیەكانی مرۆڤدا چۆنەو بەچ جۆرێكە؟

بۆخنیسکی لەچەند خاڵێکدا ئاماژە بەجۆرو شێوازی ئەو پەیوەندییە دەدات و بیروبۆچوونە جیاجیاکان بەپێ راو بۆ چوونی بیرمەندو فەیلەسوف و قوتابخانە فەلسەفیەکان باس دەکات، ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژە بەکورتەی راوبۆچوونەکان دەکیەن و زۆر ناچینە ناو درێژای گۆتەو رایەکان.

یەکەم: لایەنی بیروهزری یان ساناتر رۆحانێتی پەیوەستە بەلایەنی ئاژەڵیەتیەوە لەپێکهاتەو جەستەدا بەرادەیەکی وا ئەگەر مۆخی توشی هەرشتێك بێت ئەوا ئەقڵی گەورەترین بلیمەت لەکار دەکەوێت، یان وەك بوخنیسکی بەنموونە دەڵێ: نیولیتر مەی گەورەترین فەرماندە یان شاعیر دەکاتە چوارپێ یان درندە، بەلأم لەواقیعدا جەستەبەهەمەوو بەشە فیسیۆلۆژیی و لایەنە غەریزەییەکانیەوە شتێکی جیاوازە لەئەقڵ، ئەمە مەسەلەیەکە پەیوەندی تەواو راستەوخۆی بەزانستی فەلسەفیانە یان زانستی ئەنسپۆلۆژیاوە هەیە، بۆیە لەمێژووی هزرو فەلسەفەدا وەلأم گەلی جیاجیا هەیە بۆ ئەم پرسە، ماتریالیستی ئامێری (المادیە الالیە) وەلأمی ئەوەیە جگەلەجولأنەوە و بەشەکییەکانی ماددە بەولاوە هیچ شتێکی دیکە لەپێکهاتەی مرۆڤدا بوونی نیە.

دووەم: ماتریالیستە میانڕەوەکان وەلأمێکی دیکەش هەیە کە میانڕەوە و پێی وایە مرۆڤ لەماددەو ئەقڵ پێکهاتووە بەلأم ئەقڵەشی ئەرکی جەستەیەتی ئەقڵ سەربەخۆنیە لەجەستە، ئەقڵی مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ گیاندارانی تر جیاوازی

هەیە ئەقڵی مرۆڤ پێشکەوتووە، وشیارە بەلأم گیاندارانی تر بەغەریزەکانیان هەڵسوکەوت دەکەن.

سێیەم: رای ئەرەستۆیە، ئەم بۆچوونەی ئەرەستۆ تاکو ئەمڕۆش لایەنگری زۆری هەیە بۆ چوونەکەی ئەرەستۆ لەبۆچوونی دووەم نزیکە، بەلأم ئەم ئەوەدا جیادەبێتەوە کە ئەقڵ لەبەرامبەر جەستەدا نابێت، مرۆڤ پێکهاتێکی هەمەکی هەیە، چەندین ئەرکی جیاجیای هەیە، جەستەیی، رووەکی، ئاژەڵی، ئەقلأنی ئەو ئەرکانە ئەرکی جەستەی نییە، بەڵکو ئەرکی مرۆڤە وەك مرۆڤ، ئەرکی ئەقڵی لەمرۆڤدا تایبەتمەندی هەیە ئەم تایبەتمەندییە لەئاژەڵ و گیاندارانی تردا نیە، ئەفلأتون تەنها لەم خاڵەی دوایدا لەگەڵ ئەرەستۆ هاوڕایە.[٦] واتە تەنها لەو خاڵەدا کە ئەقڵی مرۆڤ تایبەتمەندی خۆی هەیەو زۆر لەئەودوای گیاندارانی تر جیاوازە لەسەردەمی نوێشدا کەسانی وەك وایتهید وزۆربەی فەلسەفەکارانی بونیەوی و ماتریالیستی جەدەلیانە پێیان وایە مرۆڤ وەك گشتێك (ککل)

دەتوانێت ئەرکەکانی ئەنجام بدات بەبێ ئەوەی پێویست بەئەوە بکات کە جیاوازی نێوان ئەقڵ و جەستەبکات.

مرۆڤ دەتوانێت ئەرکی هونەری و ویژدانی و ئەدەبی ئەنجام بدات، کەئەو کاتەش لەئەنجامی پێشکەوتن و گەشەکردنی مۆخیەوەدێ، هەڵبەتە کۆمەلآیەتی بوونی مرۆڤ هۆکاری گەشەکردنی مۆخیشیەتی، جگەلەکاریگەری کلتور و فێربوون و هەنجەتەکانی شارستانیەت.

چوارەم: رای ئەفلآتونە، لای ئەفلآتون مرۆڤ لە ماشینێك دەچێت، ماشین کاتێ هەڵدەسورێت و کاردەکات ئەمەش بەمەبەستی ئەوەیە کە بلێ مرۆڤ تەنها ئەقلی پەتییە مەکینەیەکی پەتی هەڵدەسورێنیێ، ئەفلآتون باس لەجەستەناکات و زۆربەی فەلسەفەکارانی کۆن لەئەرەستۆ بەدواوە بەفەلسەفەکارانی جیهانی ئیسلامیشەوە لەگەڵ ئەو رایەدان، هەڵبەتە ناکرێ باس لەدیدی وجودیزمیش نەکەین، کە تاڕادەیەك کاریگەری لەسەر ژمارەیەکی زۆر خەڵك هەیەو بووە بەیەکێك لەرەوتە فەلسەفیەکانی هاوچەرخیش، مرۆڤ لای وجودیزم کائینێکی ناکامڵ و بەردەوام لەدوودڵی و نائارامیدا دەژی و بەدبەخت و چارە رەشیشە، مرۆڤ هەر ئەوەنییە وەك ئاژەڵ بخوات و بنوێت، بەڵکو بەردەوام کێشە بۆخۆی دروست دەکات، بەردەوام لەبەردەم پێویستی نوێدایە، لەناخدا هەست بەبێکۆتایی دەکات و گرفتی بنەڕەتیشی ئەوەیە کە ناتوانێت ئەو ئامانجە بەدی بهێنێت، هەربۆیە هەمیشە لەمردن دەترسێت.

مرۆڤ بەردەوام بۆ شتێك دکۆشێت کە ناتوانێت بەدەستی بێنێ.[٧] هەڵبەتە دەبێ مرۆڤ بەشوێن ئامانجگەلێکی بنەڕەتیەوە بێت و لەهەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامیشدا بێ بۆ بەدەستهێنانی، ئەوەتا فەلسەفەکاران بەدرێژایی مێژوو بەدیدو بۆچوونی جیاجیا قسەیان لەسەرکردووە، توێژەرێکی وەك بوخنیسکی سێ رێگاچارەی باس لێوەکردووە کە فەلسەفە دیاریکردووە بۆ گرفتی پێوەندی مرۆڤ بە ئەو ئامانجەی کە ناتوانێت بەدی بهێنێ.

هەرشێواز و پرەنسیپێکی ئەخلاقی کە لەگەڵ خواستەکانی خۆیدا وێك بێنەوە، بۆ خنیسکی ئەم رێبازە تاکگراییەی رەتکردووەتەوە و پێی وایە ئەم رێبازە لەسەردەمی ئێستادا هیچ بەهایەکی نیە، لای بوخنیسکی رێبازێکی مام ناوەندی تر هەیە کە ئەشێت هەم تاك و هەم کۆمەڵگە کەڵکی لێوەربگرن و ئەم رێبازەش بەم شێوازەیە کە نەتاك و نەکۆمەڵگە هیچیان وەهم نین و هیچیان ساتێك نین لەساتەکان وەك هیگڵ دەڵێت، بەڵکو هەمووکەس هەم خاوەنی ماف و هەم ئەرکیشی

لەسەرشانە، کۆمەڵگە لەتاکەکانی پێکدێت، کۆمەڵگەشتێکە باڵای سەرجەمی تاکەکانی خۆی چونکە کۆمەڵگە چەمکێکە کە واقیعی هەیەو هەموو جۆرە پێوەندییەکان لەخۆدەگرێت و خزمەتی ئامانجی هاوبەشی هەموان دەکات. تاکیش ئامانجی بنەڕەتی هەموو پرۆسیسێکی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەیە بەردی بناغەی پرۆسیسی سیاسەتە، ئەم ئامانجانە کاتێك بەدەست دێن کە دان بنرێت بەراستەقینەبوونی کۆمەڵگەدا واتە سەلماندنی هەموو ئەو ئەرکانەی کەلەسەر تاکەکان دادەنرێت.[٨]

ڕێگا چارەی دووەم: وەڵامی وجودیزمە، وجودیزمی تێڕوانینی نێگەتیڤانەی هەیە بۆ مرۆڤ و پێی وایە مرۆڤ لەبنەڕەتدا بەهیچ شێوەیەك مانادارنیە، مرۆڤ یەکێکە لەتاوانەکانی سروشت، مرۆڤ ئازار و مەینەتە، مەتەڵێکە بەکەس هەڵنایەت، هەڵبەتە باڵی ئایندارەکانی ناو وجودیزم وەڵامێکی دیکەیان هەیە، لای کیبەر کیجۆرد وەڵامەکە پەنابردنە بۆ بێ سنور و هێزێکی باڵا دەستی وا کەئەو چارەسەرەکان دیاریدەکات.

ڕێگا چارەی سێیەم: ئەو وەڵامەیە کە ئەفلاتون و هاورایەکانی مرۆڤ و هەمووشتەکانی دیکەش مانادارن هیچ شتێك نیە ئامانجێکی لەپشتەوە نەبێت، بەڵام دەبێ مرۆڤ پەنا بۆ بێکۆتایی ببات نەك هەرلەم ژیانەدا، بەڵکو لەژیانێکی دیکەدا لەدوای مردن دەبیینن، ئەویش بەرێگەی بڕوا بوغان دەستەبەری دەکەین، دەبێ بڕوامان بەنەمری ڕۆح هەبێت ئەفلاتون ئاماژەی بەئەوەداوە مەسەلەی بێکۆتایی (اللاتناهی) وەڵامەکەی لەرێگەی یەزدانەوە وەردەگرین واتە لەرێگەی سروشەوە (وحی) کە لەجیهانێکی دیکەوە دێت (ولیەش گیمس) وەڵامی ئەم دیدگایەی ئەفلاتونی داوەتەوە کە ئەو بۆ چوونەی فەلسەفیانەوەین نەك ئایین.[٩]

لە هەموو چاخەکانی فەلسەفەدا، ناوەڕۆك و ئەرکی بنەڕەتی فەلسەفە توێژینەوە بووە لەجیهان و مرۆڤ و پێوەندی نێوان ئەو دووانە، گرفتی بوون (الوجود) و گرفتی ناسینەکەی گرفتی بنەڕەتی فەلسەفەیە، پێوەندی نێوان ئاگایی و بوون و بابەتی بوونی جیهان یان بابەتی نەبوونی (عدم **موضوعیتە**) کامیان لەپێش کامەیانەوە بووە، بوون، مادده یان ئاگایی و ڕۆح یان فیکر، هەموو ئەم بابەتانە بەدرێژایی مێژووی فەلسەفە بابەت گەلێکی ناو فەلسەفەبوون، گرفتی ناسینی بوون و توێژینەوەی جیهانی سروشتی لەگرفتی مرۆڤ و شوێن لەنێو ئەم جیهانەدا گرێدراوی یەکترن بەڵام لەچاخێکدا بابەتی مرۆیی زاڵتربووە و لەچاخێکی تردا بابەتە گەردوونی و مەسەلەکانی ناسینی وجود جێگەی گرنگی پێدانی فەلسەفەبووە، ئەمەیان نکوڵی لێناکرێت، بەوێنە لەچاخەکانی

ناوەڕاستدا گرفتی مرۆڤ لەپێش ئەو دوای باس و خواسەکانی تری فیکرو فەلسەفەوە بووە و لەپێشەوەی توێژینەوەی جیهانی سروشتیەوە بووە، لەفەلسەفەی زانستی برەوی هەبووە.

لەکاتێکدا لەچاخەکانی تردا گرفتی بوون و ناسینی بنەڕەتەکانی سروشت لەپێشەوەی ئەو دوای مەسەلەکانی ترەوە داناوە، لێکۆڵینەوە لەپرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و کێشە و ڕێگاچارەکانی بەردەم پێشکەوتنی مرۆڤ و ستەمە هەمەکانی بەردەم ئاسوودە بوونی مرۆڤ ئەمانە مەسەلەگەلێکی سەردەمانەن، وجودیزمی و زەراعیەکان و فەلسەفەکۆمەڵایەتیەکان بەشوێن ڕێگاچارەی گونجاوەوەن بۆ چارەسەری قەیرانەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، فەلسەفە هەر لەسەرەتاوە پەیوەست بووە بەمرۆڤەوە، کەواتە فەلسەفە پەیوەستە بەژیانی هەموو تاکێکەوە، فەلسەفە دەکۆشێت هەموو تاکێك ژیانێکی ئەقلانی و ئاسودە و مانادار بژێت.[١٠]

فەلسەفەی زانستی جەدەلیانەو زۆر لەفەلسەفە کۆمەڵایەتیەکان وای دەبینن کە ئەو دووشێوازە فەلسەفیانە هیچ جیاوازییان لەنێواندا نیە، چونکە بەبێ ناسینی جیهانی دەرەکی و یاسا بنەڕەتیەکانی ناکرێت هیچ گۆڕانێك بکرێت کەلەبەرژەوەندی مرۆڤدا بێت، هەروەك مرۆڤیش بۆخۆی بەشێکە لەجیهان و یاساکانی جیهانی سروشتی دەیگرنەوە و بۆخۆیشی یاساگەلێکی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەك لەچەند ئاماژەیەکدا دەرکەوت لەهەموو دەورانەکانی فەلسەفەداو لەیەکەم هەنگاوی ئاگایی (وعی) مرۆڤەوە و لەسەرەتایی بیری ئەفسانە ئامێزو ئاینداریيەوە مرۆڤ هەمیشە لەمەودای خۆیەوە لەجیهان و دەوروبەری خۆی ڕاماوە و سەرنجی لەشتە هەمەچەشنەکان داوەو کۆشاوە هۆکاری بنەڕەتی هەردیاردە و ڕووداوێك بزانێت و بۆ هەر حاڵەتێکیش لێکدانەوەیەکی هەیە، هەربەئەوەشەوە نەوەستاوە بەڵکو بیری لەجیهانی دواییش کردووەتەوەو لەم ڕووەوە تێڕامانی جیاجیای ئاراستەکردووە، بڕێ جار لەتێڕامانەکانیدا واقیعی تێپەڕاندووە بەرەو ئایدیاڵ و تیزی یۆتۆبیایی، بەڵام لەهەموو سەردەمەکاندا فەلسەفەکردن پەیوەست بووە بەمرۆڤەوە و مرۆڤ پەیوەست بووە بەفەلسەفەوە کە لەحاڵی وایشدا ئەم پەیوەست بوونە دوولایەنە نیشانەی بەهاداری ژیانە.[١١] ئامانج لە فەلسەفەکردنی ژیانە، ڕێکخستنی پێوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگە و کۆمەڵگەو دەوڵەتە.

فەلسەفەکانی سەدەی بیستیش بەئاقاری توێژینەوەی مرۆڤدا دایانشکاندووە، بەڵام مرۆڤی هەستکراو (محسوس) و فیسیۆلۆژیستی نەك مرۆڤی چەمك و گشتگیر و هەمەکی (الکلی) چونکە پێشتر لەهەندێك تێڕامانی فەلسەفیانەدا مرۆڤ وەك چەمکێکی پەتی (مجرد) باسی لێوەکراوە، بەڵام

لەسەدەی بیستدا ئەو تێزانە بەهایان نەما کە باس لەسروشتی جێگربوون (الثابت) و نەگۆڕی مرۆڤ دەکەن وەك لەنێو تێزو فەلسەفەکانی سەدەی هەژدەو دواتر وایە ئەمیل بەرهییە.[١٢] لەئاماژەکردنێکدا دەڵێت: لەسەدەی هەژدەدا فەلسەفەکاران وەك سروشتێك سەرنجیان لەمرۆڤ داوە کە ئەکرێت بەدەر لەخواستی خۆی کۆنترۆڵی بکەین و بەو ئاقارەدا ببەیت کە دەتەوێت، تێڕامانیان بۆ ئەقڵی مرۆڤ بەجۆرێك بووە کە ئەقڵ وەك گەنجینەیەك وایەو لەژێرکاریگەری فاکتەرە دەرەکیەکاندایەو دەکرێت لەدەرەوە ئاراستەبکرێت بەجۆرێك کە هەروەك هەر دیاردەیەکی دیکەی سروشتیانە مامەڵە بکرێت، فەلسەفەکارانی سەدەی هەژدە بەمجۆرە بیریان کردووەتەوە لەوانە (هێلنیفیتۆس) بەڵام لەبەرامبەر ئەم دیدگایەدا کەمرۆڤی وەك ئامێرێك نیشانداوە دیدگایەکی دیکەش هەیە کەپێی وایە مرۆڤ خاوەنی سروشتی خۆیەتی و چەندە دۆزەکانیش بگۆڕێن مرۆڤ هەروەك خۆیەتی وەك ئەمانوێل کانت دەڵێت: مرۆڤ جێگیرە یاساگەلێك بەسەر سروشتی ماددیدا دەسەپێنێت هەروەها هەروەك یاساکانی ئەقڵی پرۆسیزمیش قبوڵدەکات و وەك پێوەرێك بۆ ناسین و بۆ جیاکردنەوەی نێوان هەڵەوراست هتد بەکاری دەهێنێت، مخابن لەنێوان ئەو تەرزە دیدگای یۆتۆبیاییانەو بەرەهاکردنی چەمکی مرۆڤ و پەتیکردنی بوو بەشێوازێك کەمرۆڤی دیارچاومان لێ ئاڵۆزبکات و لەئەرك و پێکهاتە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکەی دابڕێت.

لەنێوان ئەو دوو هەڵوێست و دیدگایانەشدا چەندین بیروڕاو وێناکردنی تریش هەیە، وەك ئاماژەمان پێدا لەسەدەی نۆزدەدا فەلسەفەی پۆزەتیڤێتی ئۆگەستکۆنت پەرەی گرت کە بەودابەشکردنەی مرۆڤ بۆ لاهوتیزم و ئەفسانە ئامێزی و میتافیزکایی و مرۆڤی زانستی بڕیاری کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئەقڵی مرۆڤی داوە و قۆناغی زانستی بەدواین قۆناغی تواناو هەوڵەکانی مرۆڤ دەستنیشان کردووە کەلەراستیدامرۆڤ هیچ سنورێکی بۆنیە.

ئۆگەست کۆنت شارستانیەتی پیشەسازی وتەکنیکی کەلەسەدەی نۆزدەدا بنەماکانی جێگیربوون بەدواین شارستانیەت و دوا داهێنانی ئەقڵی مرۆڤایەتی دیاریکردووە، ئەمەش هەڵەیەکی فیکری و مێژوییە کە تێیکەوتووە، هەروەك ڕێبازی بەرەوپێش چوون و گەشەکردن لای هێربەست وڕێبازی ڕەهابوون لای هیگڵ تەرزە بیروڕایەکیان ئاراستەکردووە کە پێچەوانەن بەسروشتی مرۆڤ، فەلسەفەی چاخەکانی ناوەڕاست زیاتر گرفتی ململانێی نێوان کڵێسای مەسیحایی و دیدگا مۆدێرنەکانی بیرمەندو فەلسەفەکاران جەنجاڵ بووە و لەونێوەندەشدا گرفتە بنەڕەتیەکانی مرۆڤی

خاوەن هەست و بەرچاو پشتگوێ بخرێن، تێزە فەلسەفیەکانیش کەباسیان لەمرۆڤ کردووە مۆرکی ئایدیالیستانەو رەهاییان پێوە دیارە لەکاتێکدا مرۆڤ لەزەمین دەژی و چاوەڕوانی ئازادبوون و ئاسوودەبوونی دەکات، بۆیە (ژۆن لویس) چەندین تۆمەتی ئاڕاستەی فەلسەفەی چاخەکانی ناوەڕاست کردووە، کەسێ تۆمەتیان جێگەی تێڕامانە، یەکەم: ئەوەیە کە فەلسەفەکانی سەدەکانی ناوەڕاست زۆر خۆیان لەرووداو لەمەسەلەکانی زانست تێنەگەیاندووە و بەڵگە فەلسەفیەکانیش مۆرکی مەزهەبی وشك و تاکڕەویانەیان پێوەدیارە، بەڵگە گەلێکیان هەیە کەلەدەرەوەی تێبینی کردن و ئەزمونکردنەوەن.

دووەم: گۆشاون گرفتەکان بەبەڵگەی ئەقڵی چارەسەربکەن، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین تاکە رێگەی بنەڕەتی بۆچارەسەرو وەڵامی دروست بەهەرگرفتێك بەوجۆرە دەبێت کە بگەڕێیتەوە بۆ سەر رووداوەکەو لەوێوە بەبەڵگەی سەلمێنراو و ئەزمونکردن هەنگاو بنێیت.

سێیەم: رەخنەی گرنگی ژۆن لویس بۆ چاخەکانی ناوەڕاست بەتایبەتی ئەو مەبەستی فەلسەفەی خۆرئاوایە ئەوەیە کە ئەو فەلسەفانە بەبێ پاساو پەنایان بۆ فرت و فێڵی وشەسازی و زمانەوانی و حیلەی لۆژیکیانە بردووە، ئەمەش وایکردووە کە گۆتەو دیدگاکان زیاتر لەنێو فەزای خەیاڵ و وێناکردن و جیهانی زەین و فیکردا قەتیس بن، لەبواری لاهوتیزمیدا کێشەی هێزێکی باڵادەست و بونێکی پێشتر لەبونی جیهانی سروشتی مەودایەکی بەرین و فراوانی بیری فەلسەفی چاخەکانی ناوەڕاستی گرتووەتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە مەسەلەی سروشتی شەڕەنگێزی و چاکخوازی مرۆڤ مشتومڕی زۆری لەسەرکراوە، کە هەموو ئەوباس و خواسانە زیانیان بەمەسەلە بنەڕەتیەکەی فیکرو فەلسەفەو خودی مرۆڤایەتی گەیاندووە، ئەو وزەو تواناو بەهرە پڕبایەخانە لەشوێنی شیاوی خۆیدا بەکار نەهێنراوە، دوای راپەڕین و تاکو سەدەی بیستیش فەلسەفەکان گۆڕانیان بەسەرداهات و بەئاقاری مرۆڤ و دۆزینەوەی رێگاچارەی گرفتەکانی بەردەم ئاسوودەبوون و پێشکەوتنی دایان شکاندەوە.

شارەزابوونی زیاتری مرۆڤ لەمەڕ گەردووناسی ئاشنابوون بەچەندین یاسای گەردوونی و سروشتی لەهەموو مەیدانەکاندا وایکرد کە هزری سنورداربوونی جیهان و خۆگرێدان بەکۆمەڵەی رۆژ و قەتیس بوون لەسەر زەوی تێپەڕێنێت، بەم جۆرە گەشەی زانستی هەنگاوی گەورەی ناو توێژینەوەی مرۆڤیش بوو بە بەشێکی دانەبڕاو لەتوێژینەوەی جیهان و گەردوون، تاکو لەئاکامدا تێزی

ناوەندبوونی گەردوون و ناوەندبوونی (مرکزیە) مرۆڤ پێکرا پوکانەوە، لەهەموو جێگایەکەوە توێژەرو زاناو فەلسەفەکارانی کۆمەلآیەتی کەوتنە توێژینەوەی مرۆڤ وەك ئافەریدەیەکی کۆمەلآیەتی، دواتر دەرئەنجامی لێك دابڕانی زانستەکان و پێشکەوتنی زانست و هاتنەکایەی چەندین هەنجەت و فاکتەری کۆمەلآیەتی و لەلایەکی تریشەوە پاشەکشەی میتافیزیکا، هەموو ئەو هۆکارانە لەپشت بانگەشەی ئەو فەلسەفەکارانەوە بوو کە کۆتایی فەلسەفەی بوونیان ڕاگەیاند، بەلآم لەم هەلّمەتەو لەم تەرزی بیروڕا نوێیەدا کەسانێکی واش هەبوون کە هەموو دەروازەکان بەرووی میتافیزیکادا دانەخەن، بەلّکو پێیان وابوو میتافیزیکا دەتوانێت توێژینەوەی هەبوونی دیار و بەرچاو ئەزمونکراو بکات بەبێ ئەوەی خۆی لەمەسەلەی پرسەکانی وەك ئەوە چۆنە بۆچی وایە چۆن بەو جۆرەیە یان بکۆشێت فاکتەرە کۆتاییەکان بزانێت، ئەم هەلّوێستە، هەلّوێستی شۆپنهاوەرە.

پێی وایە میتافیزیکا کۆتایی پێنەهاتووە، بەلآم دەبێ سنورەکانی توێژینەوەکانی دیار پێبکرێت و چی تر نەگەڕێتەوە بۆ بابەتگەلێکی بێ وەلآم و خەیالّ مەزدە، ناسینی دواین هۆکارە کاران ( العلل النهایە) بۆ هەردیارەو بەش و شتێکی بوون و ئەم سروشتە مەسەلەیەکی مەحالّ و لەکات بەفیڕۆدان بەولاوە هیچی دیکەنیە، میتافیزکایش هەقی هەیە، توێژینەوە بکات، بەلآم لەمەسەلەو بابەتەکانی ئەم جیهانەدا، هەرچی پۆزەتیڤیستەکانیشە (**الوضعیون**) بەهەموو بیروڕایەکانەوە پێیان وایە ئەرکی فەلسەفە کەمەڕ گرفتەکانی میتافیزیکاییەوە کەپێشتر لەشوێنی زانست ئەو ئەرکەی بەجێ دەگەیاند ئەمڕۆ کۆتایی پێهاتووە، ئەمڕۆ زانست لەشوێنی فەلسەفە وەلآمەکان دەداتەوە، وەلآمەکانی فەلسەفە بۆ مەسەلەگەلێك بێ بنەمابوون، هەر پرسەکان لەخۆیاندا پرسەگەلێکی بێ بنەمابوون و نەکرانایە باشتربوو، ئەرکی فەلسەفە لەبنەڕەتدا شیتەلّکردنی لۆژیکییانەو زمانەوانییە، ئێست کردنە لەسەر مەسەلەگەلێکی ئەزموونکراو نەك خەون و خەیالّ و ئەفسانەبێ بنەماکان، بەلآم وجودیزمی (الوجودیون) ڕایەکی یەکلاکەرەوەتریان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پێویستە فەلسەفە تەنها بۆ لێکۆلّینەوەی مرۆڤ تەرخان بکرێت، لێکۆلّینەوەی مرۆڤ لەرووی ئەوەی کە ئافەریدەیەکی دیارو هەستپێکراوە، نەك لەرووی ئەوەی چۆن و بۆچ ئامانجێك هاتووە؟ ، بەلآم ئەگەر واقیعیانە سەرنج بدەین مرۆڤ چەندە لەمەڕ پێشکەوتنی زانستی و دۆزینەوەی یاساو ڕێسا هەمەجۆرەکانی جیهان و زیاتر ناسینی سروشتی ماددی و باشتر چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەردەم ڕەوتی زانست گەشەی مرۆڤ و کۆمەلّگە، بەلآم هێشتاش دەست

هەڵناگرێ لەپرسە میتافیزیکییەکان وەك ناسینی چییەتی (ماهیە) شتەکان و شوێنی هەریەکێکیان لەم جیهانە سروشتیەدا، پاشان پرسی ناسینی گەردوون کە ئەم گەردوونە بۆخۆی چییە؟ بەرەو چ کۆتاییەك دەڕوات ئەگەر ئەم دەستەواژەیە ئالۆزنەبێ، چونکە لای هەندێك کۆتایی وەك چەمکێك دیسان میتافیزیکایی و ئەفسانە ئامێزە، مرۆڤ دەیەوێت بزانێت چاکەو خراپە وەك دووچەمك چین، بنەڕەتی بوون (الوجود) چییە؟ پاشان ئەو شێوە ناسینەی ئێمە بۆ ئەم گەردوون و جیهانە لەراستیدا بەم جۆرەیەو بەهەڵەدا نەچووین. ئەی مەسەلەی ئەپستمۆلۆژیاو ڕێگەکانی ناسینیمان بۆ جیهانی دەرەوە ڕێگای ڕاستن، ئەقڵ چاوکی ڕاستەقینەی ئەپستمۆلۆژیاو ناسینەکانە یان هەستەکان، ئەزموون ڕاستی و دروستی ناسینەکانمان دەسەلمێنێت یان ئەوودوای چەمکە فەلسەفیەکانی تر کە فەلسەفەکاران بەدرێژای مێژووی بیروهزر مشتومڕی زۆریان لەبارەوە کردووە؟

ناکرێت مەسەلەی بیروهزری مرۆڤایەتی هەروا بەوشێوەیەی ئێستاو بەم هەموو تێڕوانینە جیاجیاو پڕ لەکێشمە کێشمەوە بمێنێتەوە، پێویستە جەنگ و جیدالی ئایدیالیستی و ماتریالیستی کۆتایی پێ بهێنرێت، یەکلایی کردنەوەی چاوکی ئەپستمۆلۆژیا و ڕاستی و دروستی سەرچاوەی ناسینی ئەقڵ یان ئەزموون یان هەرچەمێکی ترە پێویستیەکی مرۆیی و شارستانیە، مێژوو شایەتی ململانێی نێوان هزری ئایدیالیستی و ماتریالیستی و تێزی لاهوت و ناسووتە چەندین کارەساتی مرۆیی لێکەوتووەتەوە، بیرمەند و گەورە فەلسەفەکار و زانا لەنێو ئەو جەنگەدا سەریان داناوە کەسانێك بەئاور سوتێنراون، هی واش هەبوو زمانیان قرتاندووە، پێوەری ڕاستی و دروستی چەمك یان ڕێبازێکی زانستی و فەلسەفی تەنها ئەوەیەکە بتوانێت ئەو هەموو پەرت بوون و بەشیەکیەی نێو بیروهزری مرۆڤایەتی لەقالبێکی زانستی و فەلسەفی مۆدێرندا لەقالب بداتەوە و تێزێکی سەرانسەری و هەمەکی وا بەرجەستەبکات کە وەڵام بێت بۆ هەموو خولیاو ئامانجە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ و ڕەوتی زانست و فەلسەفەش سنوردار نەکرێت، چەمکە فەلسەفیەکانی نێو مێژووی بیروهزر بەفۆڕمی مۆدێرن فۆرمەلەبکرێنەوە، فەلسەفەبایەخدارەکان ئەوانەن کە بەش بەشبوون ڕەتدەکەنەوە و پێیان وایە کە هەڵوێستی گشتی و بونیاتی ئەندامەکی ڕێگەچارەی گرفتەکانە، خودی مەعرفە و بیروهزر چەمکگەلی هاوبەشن و بەدرێژایی مێژوو بەدەست کەسانێکی ئایدۆلۆژیستی و وابەستەوە مەعریفە تووشی قەیران بووە، بۆیە لەزۆربەی هەڵوێستە فیکرییەکاندا دوالیزمەت بوونی هەیە، فەلسەفەو چەمکەکانی مەعریفە نوقمی پلۆرالیزمین، لەکاتێکدا خودی ئەزموون و ئاگایی تاك

رەهەند و مرۆڤایەتی تیادا هاوبەشە، جەستەو ئەقڵ پێکرا لەکاردان، تاك و كۆمەڵگە هەڵشێلراون و پێکەوەن و ئاوێتەیەکی جیانەکراوەن، وایتهید تێڕوانینێکی لەم جۆرەی هەیە، ماتریالیستی جەدەلیش بەم ئاقارەدا کاریان کردووە، وایتهید پێی وایە کە بنەڕەتی هەموو گرفتێکی فەلسەفیانە توێژینەوەی بوونە (الوجود)، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین وایتهیدش هەروەك ئەوانی پێش خۆی بیردەکاتەوە کەپێیان وابوو گەرەکە فەلسەفەی هاوچەرخ گرنگی بەتوێژینەوەی مرۆڤ بدات، ئەم دوو بیرکردنەوەیە وەك یەکن هەروەکو کێشمەکێشمی ئایدیالیستی و ماتریالیستی لێهاتووەتەوە.

وایتهید پاساوی خۆی هەیە بۆ ئەم تێڕوانینەی کە گوایە مرۆڤ بەشێکی دانەبڕاوی بوونە، مرۆڤ بەشێکی گەشەکردوو پێشکەوتووی خودی سروشتە، ئەمەش مانای وایە هەر توێژینەوەیەکی سروشت توێژینەوەی مرۆڤیشە، ئەم تێڕامانە چەندین گرفت و فەلسەفیانە لەشوێنی راستەقینەی خۆیدا دادەنێت کەلەسەردەمانێکی دوور و درێژە بەردەوامن، لەوانە دوالیزمیەتی نەفس و جەستە، یان ئاگایی (الوعی) و ماددە.

ئەقڵ و هەست، بەش و بونیات، تیوری پێوەندی لەرێگەی ئەقڵەوە بۆ راڤەکردنی ئەپستمۆلۆژیا، هەروەها دوالیزمیەتی زیندوو نازیندوو، خودی و بابەتی، هەروەك تاك مرۆڤ ئەو مرۆڤەی کەلەبەرچاوە، لەبەرامبەر چەمکی کۆمەڵگە رائەگرێت، مەبەست لەم دەستەواژەیە هەر ئەو تێزەیە کەپێشتر ئاماژەمان پێدا کەلای هەندێك تەنها چەمکی کۆمەڵگە هەیە تاك مرۆڤ لەنێو پرۆسیسی کۆمەڵگەدا دەخوێندرێتەوە و کۆمەڵگە بەرپرسیارنیە لەتاك تاك بەرپرسیارە لەبەرامبەر پیادەکردن و بەرجەستەکردنی یاساو سستم و خەسڵەتە مۆراڵیەکانی کۆمەڵگە، بەپێچەوانەی ئەم تێرامانە، تێرامانێکی دیکەش پێی وایە کۆمەڵگە چەمکێکی رەهایەو هیچ ناوەرۆکێکی نیە بەدەر لەتاك مرۆڤەکان، تاك پابەندی هیچ جۆرە یاساو رێسایەکی کۆمەڵگەدا کۆمەڵبوون نییە، چونکە خودی کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ لەروانگەیەکی دیکەوەیە، کۆمەڵگە چەمکە، چەمکەکانیش دەچنەقاڵبی رەهابوون، دەڵێن وجودیزمی توێژینەوەی مرۆڤی پەتی (المجرد) دەکەن و بەهەموو هێزی خۆشیان ئەوەڕەت دەکەنەوە کە مرۆڤ پەیوەست بێت بەمێژوو بەسروشتیشەوە، تۆ سەرنج بدە لە وشەی (مێژوو) کەچ مانایەك دەگەیەنێت وشەی مێژوو لەو دەستەواژەیەدا هەرهەمان تێزەکە تەنها تاك مرۆڤ لەگۆڕێدایە، نەك کۆمەڵگە، کۆمەڵگە چەمکێکی رەهایەو وجودیزمی نایسەلمێنن.

مێژوو چەمكێكە كەبەمانا فراوانەكەی بریتیە لەپرۆسیسی بەرجەستەبوونی دیدگاو بونیاتە كۆمەلاّیەتی و فەرهەنگی و شارستانیەتەكانی كۆمەڵگەكان.

لای وجودیزمی مێژوو مێژووی تاكە، ئێمە لەگەڵ ئێست كردنین لەسەر چەمكی پەتی (المجرد) بوون، بەلاّم ناتوانین چەمكی مێژوو بابەتی **(الذاتي و الموضوع)** نێوان شتەكان چارەسەربووە، لەماركسەوە بۆ وایتهید، مرۆڤ بووە بەبەشێكی دانەبڕاو وگەشەكردوو لەنێو سروشدا، هەموو یاساكانی سروشتی و گەردوونی دەیگرێتەوە، ئەوەتا لەئاژەڵیشدا بنەما ئاكاری و مۆراڵیەكانی مرۆڤ بەرجەستەیە، هەندێك لەشەقڵ و شێوە هەڵسوكەوتەكانی مرۆڤ پیادە دەكەن، هەروەك داریۆن و بۆخنەر دەڵێن، چەندین بەڵگەو ئاماژەش لەسەر سەلماندنی ئەم مەسەلەیە هەیە، تۆ سەرنج لەرەفتاری بڕێك لەئاژەڵەكان بدە، دەبینی مرۆڤیش هەرئەوە دەكەن، بەلاّم مرۆڤ بەئاگایی و وشیاربوونەوە كارەكان ئەنجام دەدات، لەكاتێكدا ئاژەڵ بەسۆزداری و بەخۆڕسكی پێیان هەڵدەستێت، مرۆڤ بەئاگایی و وشاربونەوە سستمە كۆمەلاّیەتی و فەرهەنگی مێژووی...... هتد، بەرجەستەدەكات.

كاتێك هەڵەیەك دەكات دەكۆشێت راستی بكاتەوە، گۆتەی وجودیزمی وادەكات مرۆڤ وون بێت، ئازادی رەها بەمرۆڤ دەبەخشێت، بەلاّم هەرئەو ئازادییە دەبێتە گرفتێك لەبەردەم ئاسودەبونیدا، كارل سبەرز گوتویەتی: مرۆڤ ئازادییە، مرۆڤ بۆخۆی تاك رەهەندە، پەیوەستی هیچی دیكە نییە لەدەرەوەی خۆی، ئەم تەرزە پێشنیازانە ئەم جۆرە تێرامانە هەڵەن، مرۆڤایەتی تووشی چەواشەبوون دەكەن، وجودیزمی بۆ خۆیان دوالیزمیەتی نێوان تاك و كۆمەڵگە زیندوتردەكەنەوە، چونكە تاك لەبەرامبەر كۆمەڵگە رادەگرن، خود لەبەرامبەر بابەت بوون و هەستپێكراوەكان لەبەرامبەر پەتی (المجرد) و چەمكەرەهاكان رادەگرن و گرفتە بۆ هەتاهەتایە بەردەوام دەبێ، پاشان ئەوان لەرۆژئاوا پەیوەست نین بەدۆزی كۆمەڵگەكانیان؟ پەیوەست نین بە ئەو هەموو قەیرانە كە رۆژئاوا رووبەڕووی دەبێتەوە، لەقەیرانی ئابووری تاكو جەنگەكانی دەرەوە و مەسە لەناوخۆییەكان و گرفتی بیكاری و ...... هتد.

لەرۆژئاوا هەموو چالاكیەكان چالاكی كۆمەڵگەن نەك تاك ئیدی وجودیزمی قسەلەسەرچی دەكەن، ئەوەی ئەوان قسەی لەسەر دەكەن جگەلەوەهم و جگە لەدابڕانی مرۆڤ لەواقیعی خۆی هیچی دیكەنیە، وجودیزمی قسەلە قەیرانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەكەن، دەڵێن ئێمە قسەمان لەسەر تاك

مرۆڤە ئەو تاك مرۆڤەی کە بۆ خۆمان دەیبینین و دەیبیستین و لەدیارچاومانە قسەمان لەتۆی زیندووە، بەڵم ئەگەر بەنێو وشەو چەمکە فەلسەفیەکاندا قووڵ ببێتەوەدەبینی ئەوان باس لەمرۆڤی دیار و چاو زیندوو ناکەن، ئەوان کەوتوونەتە نێو چەمککگەلێکی رەهاو پەتی **(المطلق و المجرد)** باس لەمرۆڤێکی ناواقیعی دەکەن، قسە لەمرۆڤێك دەکەن کە دابڕاوە لەواقیعی خۆی و پەیوەستی هیچ هێز و چەمکێکی دەرەوەی خۆنیە، لەکاتێکد مرۆڤەکان تاك تاك بەشێکی دانەبڕاون لەپرۆسیسی جیهان.

ئەگەر کەسێك سەرنجی مرۆڤی سارتەر یان ساناتر ئەو مرۆڤە بدەین کەسارتەر لەکتێبی (بوون و نەبوون – الوجود و العدم) قسەی لێوە دەکات، دەبینیێ کە مرۆڤ لەدوا دواییدا نوقمی نەبوون و نائومێدبوون و تێکشکان هاتووە، لەروانگەی سارتەرەوە تووشی مرۆڤێك دەبێتەوە کەلەسێ حاڵەتدا شکستی خواردووە.

شکست لەخودناسیدا، شکست لەجیهان و شت ناسیندا، شکس لەئەوانی تر ناسیندا، لەم سێ تەوەرەدا هەرگیز ناشێت کە مرۆڤ لەخودەوە هەنگاو هەڵبگرێت بۆ ناسینی خود و یان لەخودەوە بۆ جیهان ناسین، هەر لەخودیشەوە بۆ ئەوانی تر ناسین، هەمیشە جۆرە دژبوونێك هەیە لەنێوان خوود کە ئاگاییە لەگەڵ دەرەوەدا کە جیهانە، نیازی سارتەر ئەوەیە کەبڵێت ئێمە لەرێگەی زمان و وشەو دەستەواژەکانەوە دەچینە نێو دەرەوە و ئەوان دەناسین.

هیچ کاتێك زمان و ووشە بیروڕایەکانی ئێمە ناگەیەنێتە دەرەوەی خۆمان، زمان دزینی بیروڕایە، چون من خۆم دەگوشم و بیری خۆم دەگوشم و زۆر لەخۆم دەکەم تاکو ئەوانی تر حاڵی بکەم و بیروڕای خۆمیان پێ رابگەیەنم لەرێگەی زمانەوە، لای سارتەر پێوەندی گرتنمان لەگەڵ دەرەوەی خۆماندا لەخودی خۆمان نامۆمان دەکات، وجودیزمی چاویان لەیەك خاڵ بڕیوە ئەویش سەربەستی رەهایە **(الحریە المطلقة)**، بەڵام مرۆڤی ئاسایی بەرچاو ئەم مرۆڤەی کە بەم پێکهاتە بەرچاوەی ئێستا من، تۆ، ئەو.....هتد.

لەنێو مێژوودا دەژێت، رووبەڕووی گرفت و کێشمەکێشم دەبێتەوە تووشی خەمۆکی دەبێت، هەست بەسەربەستی دەکات و هەست بەئەوەش دەکات کەبۆ ئەم مەبەستە رووبەڕووی گرفت دەبێتەوە، تووشی بەرەنگار بوونەوە دەبێ، بەڵام ئەو رووبەڕووبونەوانە بەو جۆرە کە هایدگەر پێی

وایە مرۆڤ ناتوانێت تێیان پەڕێنێت، بەڵکو ئەشێت کۆسپەکان رابماڵرێن و گرفتەکان چارەسەربکرێن و پرسەکان وەڵام بدرێنەوە.

مرۆڤ ئاسایی سنوردارکراوە بەفاکتەرەکانی شوێن و کات، سنوردارکراوە بەئەوانی تر، تواناکانی تەواونین، گرفتی نەزانین و مردن و مێژوو جێگا.....هتد، لەپێشە کەهەموو ئەوانە بەجۆرێك لەجۆرەکان مرۆڤ سنوردار دەکەن، مرۆڤ پەیوەستە بەجیهانێك کە بۆخۆی کۆسپە لەپێش دەمی مرۆڤدا، ئیدی ناکرێت بەدەر لەپێوەرە هەمەچەشنەکان ئێمە لەسەر سەربەستی رەهادا بگرین، چونکە ئەوە مەحاڵە، ناکرێت وەك منداڵی ساوا بیانوو بگرین و وەك (یاسبەرز و هاورێکانی) بڵێن سەربەستی رەهامان دەوێت یان هیچ شتێکمان ناوێت، هەڵوێستی وجودیزمی زۆر توندە کە دروشمی ئەوەیان بەرزکردووەتەوە یان هەمووشتێکمان دەوێت یان هیچمان ناوێت، یان سەربەستی رەها یان ئێستکردن لەبەردەم کۆسپەکاندا، ئەم پێشنیازە هەڵەیە، مرۆڤ تووشی شۆك دەکات.

پرۆژەی گەشەکردن ئیفلیج دەبێت، ئێمە لەسەردەمی (سپینۆزا) وە دەزانین کە سەربەستی تێگەشتن پێویستە (فهم الضرورة) بەوە نابێت کە بەفۆرمێکی میتافیزیکیانە ئاراستە بکرێت بەو جۆرەی کە لاهوتیزمی ئاینزایی مەسیحایی و ژمارەیەك لەبیرمەندە موسڵمانەکان کردوویانە، مرۆڤ خوازیارە بوونی خۆی بسەلمێنێت، هەرئەمەش کەدەبینی لەنێوان ئەم خواستەی مرۆڤ بۆ نیشاندانی خۆی و دژایەتیکردنی لەلایەن هێزە دەرەکیەکانی دەوروبەریەوە بەسە بۆئەوە کەمرۆڤ پیرەوێك بۆ خۆی دیاری بکات و بەرپرسیاریش بێت لەبەرامبەر یاساو چەمکە مۆرالیستەکاندا، ئەم تێڕامانە لای وجودیزمی خەیاڵە، چون ئەوان باس لەمرۆڤێکی دابڕاو لەواقیعی خۆی دەکەن، مرۆڤێك کەبەتەنێ رووبەرووی مردن دەبێتەوە بەبێ ئەوەی کەس خەمی بێت، کەس ئاوڕی لێبداتەوە لەکاتێکدا بەوجۆرە نییە، مرۆڤانە بەتەنیایەو نەئافەریدەیەکی دابڕاوە و نەبێئومێدیشە، لەتەنگانە و رووبەڕووبونەوەکانیدا کەسانێك هاوخەمی ئەون کەسانێك دەکۆشن ئازارەکانی سوك بکەن تەنانەت لەمردنیش بیپارێزن، کوا بەوجۆرەیە مرۆڤ هەڵگری گیانی شەڕەنگێزییەو دژبەئەوانی ترەو پێوەندییەکانی لەسەر بنەمای دوژمن بوون و نەیاربوون دامەزراوە.

هەرئەم تێڕامانە ناواقیعیانە کەوادەکات فەلسەفەی وجودیزمی وەك فەلسەفەیەکی عەدەمی بێتەئەژمار، هەموو تاکێك دەزانێت کەدەمرێت، لەکاتێکدا دەزانی کەسانی تریش دوای ئەم رووبەڕووی هەمان چارەنووس دەبنەوە، لەمردنەکەشیدا کەس تاوانبارنیە و هیچ پەیوەندی بەئەوانی

ترەوە نیە، نەك هەر ئەوە بەڵکو ئێمە دەزانین کەسانێك بەمردنی ئێمە ئازادر دەچێژن، ئەگەر لەرووی فەلسەفیەوە سەرنج بدەین مردن دیوێکی تری ژیانە چ بەو چەمکەی کە بڕواداران بەژیانێکی دیکە لێ دەڕوانن و چ بەو شێوەش کەبێ باوەڕەکان بەکۆتایی و دواقۆناغی مرۆڤی دەزانن بەهەردوو باردا ژیان لەبەرامبەر م ردندایە، بەدرێژایی مێژووش مردن نەبووەتە کۆسپ لەبەردەم گەشەکردن و رەوتی پێشکەوتندا، بەڵکو مرۆڤایەتی بەردەوام پرۆژەی باشتری پێشنیاز کردووە و کەسەکان تاکو دواساتی ژیانیان لەهەوڵ و تێکۆشاندابوون، چەندین کەسیش بۆ مان دارکردنی ژیان و بەختەوەری ئەوانی تر خۆیانیان فیداکردووە، وجودیزمی رەخنەیەکی توندی تری ئاڕاستەی شارستانی نوێ کردووە کە مرۆڤ لەنێوکێشمەکێشم و تێکچڕژاوی هەمەچەشنەی مەسەلەکانی ژیان و تەکنەلۆژیادا وون بووە، تەکنیکی نوێ و شارستانیەتی پیشەسازی سەردەم وایکردووە کە سەرچاوەکانی هەست و سۆزی مرۆڤایەتی وشك بکات.[١٣]

لەئاماژەیەکدا گوتمان لەهەموو سەردەمەکانی فەلسەفەدا ناوەڕۆکی فەلسەفەو تەوەری بنەڕەتی بریتی بووە لەتوێژینەوەی جیهان و مرۆڤ و پێوەندی نێوانیان، گرفتی ئەنتۆلۆژیا (ontology) (الوجود) وگرفتی چۆنیەتی ناسین و پێ ئاشنابوونی گرفتی بنەڕەتی فەلسەفەیە، جگە لەمەسەلەی پێوەندی نێوان ئاگایی (الوعی) بەئەنتۆلۆژیاوە و بابەتی بوونی جیهان یان بابەتی نەبوونی (عدم موضوعیتە) پاشان کامیان لەپێش ئەوی دیکەوە لەبوونیدا، ئەنتۆلۆژیا (وجود) یان مادده یاخود ئاگایی یان رۆح، ساناتر یان فیکر لەپێش هەموو شتێکدا هەبووە، هەموو ئەمانە مەسەلەگەلێکن پەیوەستن بەفەلسەفەوە، بەهەموو شێوازە هەمە جۆرەکانیەوە، حاڵ بەم جۆرە بووە لەهەموو دەورانەکانی مێژوودا لەسەرەتای سەرهەڵدانی بیری میتۆلۆژیاو ئایینی و دواتر سەرهەڵدانی فەلسەفەو پاشان بیری زانستی بەشێوە سستماك و ئەتکێت کراویەکەیەوە.

لەهیچ سەردەمانێکدا گرفتی ناسین و ئەبیستمۆلۆژیا و ئەنتۆلۆژیا و توێژینەوەی بنەڕەتی جیهانی بابەتی (العالم الموضوعي) لەگرفتی مرۆڤ و جێگای ئەو لەم جیهانەداو بنەڕەتەکانی مەعریفەکانی لێك جیاناکرێنەوە، ئەشێت لەسەردەمێکدا بابەتێك جێگەی بایەخ پێدانی زیاتر بێت و ببێتە شوێنی مشت و مڕی زیاتری نێوان بیرمەندان و فەلسەفەکاران، بەوێنە لەسەدەکانی ناوەندا گرفتی مرۆڤ زیاتر بوو بەشوێنی گرنگی پێدانی بیرمەندان تاکو مەسەلەی ناسین و بنەڕەتی جیهانی سروشتی و دەرەکی، لەمێژووی فەلسەفەی یۆنانیشدا سەردەمانێك مەسەلەکانی ئاکارو

مۆرالیزمیەت زاڵتربوو بەسەر ئەو دوای بابەتەکانی دیکەدا، واتە فەلسەفەی پراکتیزمی لەپێش فەلسەفەی تیوریستیەوە بووە، لەسەردەمی نوێ و مۆدێرنیشدا دەبینی مەسەلەی باشتر ناسین و توێژینەوەی مرۆڤ بووە بەگرفتێکی فەلسەفی دیار و گرنگی زۆری پێدراوە، ئەوەتا چەندین گروپی فەلسەفی تەنها باس لەمرۆڤ و گرفتەکانی دەکەن لەوانە فەلسەفەی وجودیزمی و فەلسەفەی پراکتیزمی (pragmatism) و زۆر لەفەلسەفە کۆمەلآیەتیەکان مرۆڤیش بەشێکە لەجیهان و یاساکانی جیهان دەی گرنەوە، هەرچەندە مرۆڤ بۆخۆی یاساگەلێکی تایبەتی هەیە بەو پێیەی کە ئافەریدەیەکی کۆمەلآیەتیە، بەلآم فەلسەفەی زانستی جەدەلی پێی وایە فەلسەفەی ئەنتۆلۆژیا و فەلسەفەمرۆییەکان بەجۆرێك لەجۆرەکان پەیوەستن و بەبێ ناسینی یاساکانی جیهانی سروشتی ناتوانرێت بەو ئاقارەیدا ببەیت کە لەخزمەتی مرۆڤدا بێت، ئەگەر سەرنج بدەین لەهەموو سەردەم و دەورانەکانی فەلسەفەدا و هەرلەسەرەتای سەرهەڵدانی بیری میتۆلۆژیاوە تاکو بیری زانستی مۆدێرن، مرۆڤ سەرنجی دەوروبەروجیهانی سروشتی داوە و راوسەرنجی خۆی دەربڕیوە هەرلەمەوداکانی خودی مرۆڤیشەوە سەرنجی ئەم جیهانەی داوە، ئیتر چ بەشێوازی ئایدیالیستانە یان ماتریالیستانە بێت سەرنجەکانی خۆی لەمەڕ یاساو رێساکانی جیهان دەربڕیوە و ویستویەتی مرۆڤ بۆ ئاسودەبوون و بەرەوپێشچوونی خۆی ئەویاسایانە بەکاربهێنرێت و سروشتی ماددی بخاتەژێر رکێفی خۆیەوە،ئەمەش مانای وایە فەلسەفە پەیوەست بووە بەمرۆڤەوە ساناتر فەلسەفە پەیوەست بووە بەژیانەوە.[١٤]

زانستە مرۆییەکان لەدێرزەماندا هەروەك زانستەکانی ماتماتیك و سروشتناسی بەشێك بوون لەفەلسەفەی گشتی، کاتێك زانستەکانی سروشتناسی لەفەلسەفە جیاکراوەتەوە و پێڕەو بەرنامەی سەربەخۆبوونی بۆ دەستنیشانکراوە، زانستە مرۆییەکانیش هەنگاویان هەڵگرتووە بەرەو سەربەخۆبوون و جیابوونەوە لە فەلسەفە، هەرچەندە ژمارەیەك لەنەیارانی بزاوتی سروشتناسی دژی سەربەخۆبوونی زانستە مرۆییەکان بوون، چونکە پێیان وابووە کە زانستی مرۆیی سروشت پێڕەو بەرنامە ئەزمونگراییەکانی بەسەردا ئەنجام نادرێت، هەڵبەتە بەپاساوی ئەوەی کە توێژینەوەی دیاردە مرۆییەکان زۆر جیاوازە لەتوێژینەوەی سروشتی بێ گیان، ئەگەر سەرنج بدەیت دیاردەکانی سروشت پێملی یاسای هۆکار (قانون العلیە) دەبێت و لەئاستێکدا جێگیرە لەکاتێکدا مرۆڤ ئافەریدەیەکی بیرمەندە و بەسانایی دەتوانرێت توێژینەوەی هەڵسوکەوت و سروشتی بکرێت، بەلآم هەوادارانی سروشتناسی رایانگەیاند ئەگەر زانستەکانی مرۆییش نەخرێنەژێر رکێفی یاساکانی زانستی سروشتی

و بەهەمان پێوەرەکانی زانست مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت لەتوێژینەوەدا ئەوا هەرگیز ناگاتە ئاستی توێژینەوەی زانستانە، بۆ هەمیشە هەروەك مەسەلەگەلێکی میۆتۆلۆژیایی و غەیبانیزمیەت دەمێنێتەوە و لەژێرکاریگەری خواست و ئارەزووی تاکەکەسیدا شرۆڤە دەبێت، هەڵبەتە ئەمەش بەتەواوی دوورە لەگیانی زانستی سەردەم و هیچ خزمەتێك بەکێشەو مەسەلەکانی پەیوەست بەژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکان ناکات، کە ئامانج لەهەر پرۆسەیەکی زانستی تەنها خزمەتکردنە بەمرۆڤ.

زانیاری و راستیەکان لەمەڕ ژیانی مرۆڤ و پرۆسیسی بیروهزرو راوسەرنجەکانی پێویستە سەربەخۆیی پێوەدیار بێت و ناکرێت ملکەچی پێوەرەکانی ئایینداری و تێڕامانی فەلسەفیانە یان مۆرالیستانە بکرێت بەجۆرێکی وا کەتەنها ئەو تێڕامان و وێناو بۆ چوونانە هەڵبژێرین کە لەگەڵ خواست و داب و نەریت و ئارەزووەکانی خۆماندا گونجاو بێت و ئەوی دیکەش رەتبکەینەوە، واتە هەر وێناو تێزێك چەندە پێشکەوتنخواز و مۆدێرن بێت، بەلاّم لەبەرئەوەی کەلەگەڵ بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیای تایبەتی ئێمە گونجاو نیە ئەوا سەرلەبەر رەتبکەینەوە، چونکە ئەمەزیان بەرەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگە دەگەیێنێت، لەوەها دۆزێکدا ئێمە کۆمەڵگە لەبازنەیەکی داخراودا قەتیس دەکەین و وەك کۆمەڵگەیەکی فێندەمێنتالیستی دەمێنینەوە، بۆیە گەرەکە زانستە مرۆییەکانی لەباس و توێژینەوەکانیاندا ئازادو سەربەست بن نابێ هیچ تێزو بیروڕایەك لەژێر رۆشنایی ئایدۆلۆژیادا تاوتۆی بکرێت و شرۆڤە ببێت، چونکە لەحاڵی وادا هیچ خزمەتێك بەپرۆسەی گەشەکردنی مرۆڤایەتی و وەرگۆڕان بەئاقاری پێشکەوتنخوازیدا ناکات، هەرئەم حاڵەتەش وایکردووە کەجیهانی ناوەند لەبازنەیەکی داخراودا کلۆم بکرێت و زۆربە هێواشی هەنگاوی پێشکەوتن بنێت.

کاتێك رەوتێکی رۆفۆرمیستی سەرهەڵدەدات، رەوتە ئایدۆلۆژیستەکان بەرەنگاری دەبنەوە و خەفەی دەکەن، هەڵبەتە شەقامیش زیاتر گوێ بیستی رەوتەکانی ئایدۆلۆژیستین، چونکە بیری نوێ و رەوتی ریفۆرمیستی لەجیهانی ناوەندا نامۆ و ناوازەن، بۆیە هەقە زانستە مرۆییەکان بەگشتی بەدووربن لەهەرجۆرە راڤەکارییەکی خودییانەو دووربن لەتێڕامانی ئایدۆلۆژیستانە، راستە ئایدۆلۆژیا پیڕەو بەرنامەی خۆی هەیە، ئاینەکان و فەلسەفە و رێبازەکان لەسەر پێڕەو و دیسپلینی تایبەت دامەزراون، بەلاّم کاتێك مەسەلەدێتەسەر توێژینەوەی زانستانەی مەسەلەکانی پەیوەست بەژیان و گەشەکردنی کۆمەڵگە ئەوا دەبێ توێژەر سەربەست بێت لەکایەی سستماککردن و هەڵبژاردنی شرۆڤەکردن و جۆری دیسپلینی هەڵسوڕانی ئەرك و پرۆسیسی توێژینەوەکەی تاکو لەرۆشنای لقەکانی دیکەی کەعریفەوە دەرئەنجامێکی راست و دروست و گونجاو بدات.

بەپێچەوانەوە هەرجۆرە توێژینەوەیەك لەژێرکاریگەری ئایدۆلۆژیاو نەریت و فۆڕمی ئامادەکراودا هیچ ئەنجامێکی ئەکتیفانەی لێناکەوێتەوە کە لەخزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت، ئامانجیش لەتوێژینەوەکان هەر ئەوەیە کەلەخزمەتی ژیان و مرۆڤایەتیدا بێت، لەسەردەمی ئێستا هەردووزانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی هەنگاوی گەورەیان ناوە، لەرووی مێژوویشەوە هەرلەسەردەمی سەرهەڵدانی بیری فەلسەفیەوە فەلسەفەکاران گرنگی زۆریان داوە بەباس و مەوداکانی دەروونناسی، ئەفلاتون لەگفتوگۆکانیدا بەدرێژی قسەی لەسەر دەروون کردووە و لەدوائەنجامدا گوتویەتی: نەفس گەوهەرێکی رۆحانیانەی بێگەردە و لەبونیشدا کەوتووەتە پێش جەستە، سەرەتا نەفس، پاشان جەستە پەیدابووە.

دەروون چاوگی زانین و ناسینەیەقینەکانە، ئەرستۆش لەپێناسەکردنەکەیدا گوتویەتی: نەفس کەماڵی یەکەمی جەستەی سروشتییە، لای ئەرستۆ نەفس بەدەر لەجەستە بوونی نیە، هەڵبەتە لەم خاڵەدا لەگەڵ ئەفلاتون هاوڕانیە، چونکە لای ئەفلاتون نەفس پێش جەستە خولقێنراوە سەرەتا نەفس پاشان جەستە، بەڵام لای ئەرستۆ هیچ کات نەفس سەربەخۆ و بەدەر لەجەستەنەبووە، بەم جۆرە بابەتەکانی دەروونناسی لای فەلسەفەکاران و لەنێو رێچکەو رێبازەکانی فەلسەفەدا شوێنێکی بەرین و مەودایەکی فراوانی گرتووە و لەنێو رەوتی بیری مرۆڤایەتیدا دووشێواز یان دوو تێڕامانی جیاواز سەریان هەڵداوە، یەکێکیان تێڕامانی ماتریالیستیانە و ئەوی دیکەشیان ئایدیالیستی و رۆحانیانەیە رێبازەکانی فەلسەفە لەمەڕچییەتی نەفس (ماهیە النفس) ەوە لەوێنای جیاجیاو دژەیەك تێزەکانیان ئاراستەکردووە لەدوائەنجامیشدا چەندین رێچکەی جیاجیاو دژەیەك دەرکەوتوون، بۆیە تێبینی دەکرێت کە توێژینەوەی دەروونناسی و چیەتی نەفس و سروشتەکەی بووە بەبابەتێکی میتافیزیکایی و ئەزموونکردنی کارێکی سانانیە، چونکە بیرمەندەکان بەشێوازی تیوریستەکردن و تێڕامانی پەتی راو سەرنجەکانی خۆیان دەربڕیوە، لەحاڵی واشدا ئێمە لەبەرامبەر چەمکگەلێکی ئەوتۆوە دەبین کەپابەندی یاساوچەمکە زانستیە روونەکان نابێت، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی خولیای سروشتیانە (النزعة الطبیعیة) و سەرهەڵدانی زانستی نوێ زاناکان بیریان لەئەوە کردەوە کە هەنگاوی جدییانە بنێن بۆ گواستنەوەی هزرو بابەتەکانی دەروونناسی لەبازنەی توێژینەوەی تیوریستی پەتی بۆنێو چوارچێوەی مەعریفە و زانستە پراکتیزمیەکان، کە پشت بەتێبینی دانان و ئەزمونکردن دەبەستێت، تاکو لەکۆتاییدا بەهەوڵی زاناو بیرمەندەکان بەتەواوەتی دەروونناسی وەرگۆڕانێکی سەرانسەری و

چۆنایەتی بەسەرداهێنراو باسەکان لە توێژینەوەی دەروون وەك چیەتی پەتی گۆڕدرا بۆ توێژینەوەی هەڵسوکەوت و رەفتاری مرۆڤ بەو جۆرەی کەدەتوانین لەتێڕامانی جموجوڵ و هەڵسوکەتەکانیەوە ئاماژەگەلی دیارو بەرچاو تێبینی بکەین و لەمەوداتی دیاردەی دەروونی و جەستەییەوە دەرئەنجامەکەی وەربگرین، (فۆنت) زانای دەروونناسی لەساڵی ١٨٧٥ توانی بەپشت بەستن بەئامێر و پێوەرەکانی کە تایبەت بوون بە توێژینەوەی دیاردەی دەروونی و رەفتاری مرۆیی بەشێوەیەکی ئەزمونگرایی بیسەلمێنێت کە پێوەندی گرنگ راستەوخۆ هەیە لەنێوان دیاردەی دەروونی و حاڵەتی جەستەیی مرۆڤدا بەوپێیەی کەنەفس و جەستە دەرئەنجامی کۆتایی کۆمەڵێك فاکتەرو هۆی کاریگەر و جیاجیان، بەم جۆرە دەروونناسی بەرەبەرە قاڵبیی زانستانەی خۆی وەرگرت و لە ئەودوای زانستەکان جیابووە.[١٥] بەم جۆرە دەروونناسی هاوتای زانستەکانی ئەزمونگرایی سەردەم هەنگاوی بەرەو پێشچوونی ناوەو دووقوتابخانەی دەروونناسی گەورە سەریان هەڵدا کە هەردووکیان قوتابخانەی رەفتاری (سلوکی) کەلەسەر دەستی بافلۆف و واتسۆن و سۆرەندایك دامەزراو قوتابخانەی شیتەڵی دەروونی کە سیمگۆند فرۆید دایمەزراندووە، پیرەو و بەرنامەی دەروونناسی لەسەردەمی ئێستاداپشت بەئامێر و تاقیگە دەبەستێت و دەرئەنجامی زانستانە دەدات بەدەستەوە، بەم جۆرە دەروونناسی لەفەلسەفە جیابووەتەوە هەم لەبابەت و ناوەڕۆکدا و هەم لەپێڕ'و پێوەرەکانیشیدا، لەمەشدا رێك لەزانستی سروشتی دەچێت لەچارەسەرکردنی دیاردە سروشتیەکان بەپێڕەوی ئەزمونگراییانە زانستی کۆمەڵناسیش (علم الاجتماع) تاکو تاکێك لەسەردەستی ئۆگەست کۆنت وەك زانستێکی بابەتی جێگیر ببێت، بەشێك یان لقێك بووە لە فەلسەفەی پراکتیزمی (الفلسفة العملية).

فەلسەفەکاران باس و خواسیان لەمەڕ کردووە بەتایبەتی ئەفلاتون لەکتێبی کۆمار و یاساکاندا، پاشان ئەرستۆ لەکتێبی سیاسەتدا بەدوور و درێژی قسەی لەسەر کردووە، بەلاَم هەموو ئەو هەوڵ و تەقەللاو توێژینەوانە هەر لەبازنەی تیوریستیدا دەخولانەوە و ئامانجیش دانان و دەستنیشانکردنی یاساگەلێکی گشتی و هەمەکی بووە لەمەڕ رەفتارو هەڵسوکەوتی تاکەوە کە وەك زانستێکی میعیاری نۆرماتێڤی بەدیار دەکەوێت بەوشێوەی کە مەرج گەلێکی بنەڕەتی دەستنیشانکراوە بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوتی مرۆڤ، بەشێوازێك کەسنوربەندی رەفتارەکانی مرۆڤ بکات و جموجول و هەڵسوکەوتەکانی بەیاساو رێسا دیسپیلن و پۆلین بکات، لەحاڵی واشا هەرجۆرە

پەرچەکردارێك بەدەرچوون لەیاساو دیسپلینەکان دێتەئەژمار و بەرپرسیاربوون و لێپێچینەوەی دەبێت.

ئەمەش مانای وایە هەڵسوکەوتی مرۆڤ رەنگدانەوەی راستەوخۆی دەوروبەرو ژینگەیەتی و مرۆڤ پابەندو پەیوەستە پێوەی بەلاّم زانستی کۆمەڵناسی مۆدێرن بەجۆرێکی جیاواز تەماشای ئاکارو مۆرالیزمیەتی تاك دەکات بەشێوەیەکی دیکە سەرنج لەنەریتە کۆمەلاّیەتیە هەمەچەشنەکان دەدات، لەروانگەی تیوری پۆزەتیفیستی (النظرة الوضعیة) ئۆگست کۆنتەوە تیڕامانەکانی ئاڕاستەدەکات، پێی وایە هەموو دیاردەکۆمەلاّیەتیەکان پەرچەکردارو رەنگدانەوەی داب و نەریت و دیاردەی هەڵچوون و هەست و سۆزداری مرۆڤەکانەو وەك هەر ئافەریدەیەکی دیکەی ئەم جیهانە ئەمیش دەکەوێتە بەر یاساو رێساکانی گۆڕان و گەشەکردن، هەربۆیە دەبێ توێژینەوە هاندەرو هەڵچوونەکان مرۆڤ بکرێت لەفاکتەرەکانی بکۆڵێتەوە، تاکو بەباشی ئەو هۆکارانە بدۆزرێنەوە کەلەپشت رەفتار و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤەوەن، تاکو بتوانرێت رەفتارە کۆمەلاّیەتیەکان و جموجوڵەکانی تاك پۆلین بکرێن و رەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤ و هەڵسوڕانی بەبارێکداو دژبوونی یان خۆ هەڵبوێرانی لەشتێکی دیکە بەشێوەیەکی زانستانە دیاری بکرێت، کەئەمەش بۆخۆی دەچێتە قاڵبی ئەزمونگەراییەوە، ئۆگەست کۆنت گوتویەتی: ئەم شێوازە لەبەرجەستەکردنی زانستیدا بنەڕەتی هەموو زانستێکەو بنەڕەتی هەموو مەعریفە و ئەپستمۆلۆژیایەکە هەروەك بابەتی هەموو زانستێکیشە.[١٦]

(ئۆگەست کۆنت – ١٨٥٧) وەك رەهبەری زانستی کۆمەڵناسی مۆدێرن کۆمەڵناسی لەقۆناغی تیوری وتێڕامان گواستەوە بۆ قۆناغی مەعریفەی بابەتیانە و پۆزەتیفستی، پێوەری بەراووردکاری قیاسی بەکارهێناو کۆمەڵگەی لەبەرامبەر هەر زیندەوەرێکی دیکەداناو ئەو ئەنجامگیرییانەی کەلەسەر گیاندارەکانی دیکە بەشێوازی ئەزموونانە بەدەست هاتبوون هەموو ئەو دەرئەنجامانەشی بۆ کۆمەڵگە بڕیارداو هەمان توێژینەوەشی بۆ کۆمەڵگەکان ئەنجامدا.

چونکە پێی وابوو کە ئامانج لەزانست هەرئەوەیەکە مەعریفەی راست و دروست بەدەستبهێنرێت و لەرێگەیەوە گرفتەکان و پێشهاتەکان چارەسەربکرێن و گۆڕان بەباری گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەبکرێت.

زانست بەمانا دروستەکەی ناسینی یاسا بنەرەتیە دروستەکانی دیاردە سروشتیەکانە، تاکە ڕێگەش بۆ دەستەبەکردنی ڕێگەی ئەزمونکردنە.[١٧] بۆ مەسەلەی بەها (القیم) و پێڕەوی توێژینەوەکردنی بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێ، هەمووشتەکان کەجێگەی بایەخ پێدانی مرۆڤن دەبینی مرۆڤ بەهایەکی بۆ داناوە، ئاشکرایە کە خودی شتەکان لەرووی بەهاکانیەوە جیاوازییان لەنێواندا هەیە، زۆربەی مەسەلەکانیش هۆکارن بۆ گەیشتن بەئامانجێك، هەندێ شتی دیکەش بەهاکانیان لەنێوخودی خۆیاندان، ئەم جۆرە مەسەلانە بەنموونەی بالاّ ناوزەدکراوە.

مەسەلەی یەکەم یان قۆناغی یەکەم پرسی بەها یان نمونەی بالاّیە، کەژمارەیان چەندە؟ توێژەرەکان بەسێ نمونە دەستنیشانیانکردووە کەئەوانیش ستاتیکایی، چاکخوازی، هەقناسییە، هەندێکیش پیرۆزبوون یان بەهای ئایین دەخەنەسەر ئەو سێیە، لەکاتێکدا کۆی فەلسەفەکاران لەسەرئەوەن کە ئەرکی ئایین پاراستنی ئەو سێ بەهاو نمونە بالاّیەی پێشەوەیە کەجوانی و پاکخوازی و هەقناسییە.

مەسەلەی دووەم: پێوەندی نێوان بەهای ڕەهاو حەقیقەتە، کەئایا ئەوانەش هەروەکو حەقیقەتە بەرچاوەکانی دیکەن و بەدەر لەئەقڵی دەرکپێکەر بوونی سەر بەخۆیان هەیە؟ واتە لەدەرەوەی ئەقڵ و زەین و وێناکردنەوە شتێك هەیە بەبەهای موتڵەق و بەحەقیقەت بناسرێت و بکرێت ئاماژەی پێبکرێت یان ئەوانە جگە لەوێناکردنێك بەولاوە هیچی دیکەنین، لەوانە چۆنیەتەکانی بەرایی (الکیفیات الاولی) ئەمە یەکێکە لەگوتەزاکانی ئەرستۆ (priwary qualities) فەلسەفەکارانی قوتابخانەی (المدرسیون) وشەی کەیفیاتیان (الکیفیات) بەتایبەتی چۆنێتی بەرایی و یەکەمیان بۆ چوار سیفەتی بنەڕەتی گەڕاندووەتەوە ئەوانیش، ساردی، گەرمی، تەڕوتوشی، وشکانی،حاڵ بەم جۆرە بووە تاکو سەردەمی (دیکارت ١٥٩٦ – ١٦٥٠) و بۆیڵ (١٦٢١-١٦٩١) زاینی، یەکەمیان دەست پێشخەربوو لەباسلێکردنی تایبەتە ئەندازەیی و میکانیزمییەکانی جەستە، دووەمیش دەسپێشخەرو داهێنەری هزری جیاوازی کردنی نێوان تایبەتمەندییەکانی ناو جەستەبووە و پێی وابووە چۆنێتی هەستپێکراو لەسەر تایبەتمەندییە بەراییەکان دەوەستێتەوە، تیورەکەی بوێل بووبە بەردی بناغەی بیروڕایەکەی ژۆن لۆك (١٦٣٢ – ١٧٠٤) زاینی کەئاماژەی بەهەبوونی چۆنێتی یەکەم و چۆنێتی دووەم کردووە (secondary gualities) کەتاکو ئەمرۆش هەربەناوی ئەوەوە ناسراوە، ژۆن لۆك لەمەڕ ناساندنی چۆنێتی یەکەم (پریمەری کوالیتی) کە هەموو ئەو

سیفەتانە دەگرێتەوە ئاوێتەی جەستەن و لێی جیانابنەوە و ئێمە بەهەستەکانمان هەست بەبوونیان دەکەین لەنێو هەرجەستەیەکی ماددیانەدا وەك دۆزی رەقی، درێژایی (الامتداد) شێوە وفۆرم، ژماردن، جوڵەو وەستان (الحرکە و السکون).

ئەمانە چۆنێتی یەکەمن یان وەك بەزاراوەی فەلسەفیانە دەڵێن کوالیزمی جەستە، بەڵام هەرچی کوالیزمی دووەمە (secondary gualities) لۆك پێی وایە لەجەستەدا بوونی نییە، بەڵکو ئەوەتەنها پاساودانی ئەقڵییانەیەو دەرئەنجامی تێرامانی کوالیزمێتی بەرایی ئەو بۆچوونە گەلاڵەبووە، لۆك هەرهێندەی وتوە ئەشێت مەبەست ئەو هێزو وروژاندنانەبێت کەبەهۆی کوالیتزمی یەکەمەوە هەستەکانمان دەبزوێنن و هانمان دەدەن، واتە هێزی وروژاندن هەست بزواندن و هاندانە لەمرۆڤدا، کە هەموو تاکێکیش ئەم هەڵگری ئەم سیفەتەیە.

هەروەك رەنگ و دەنگ و بۆن و تام و ...هتد، بەهەرحاڵ لای ژمارەیەك لەفەلسەفەکاران بەهاکان بوونی سەربەخۆیان هەیە لەجەستەو ئەقڵ، لای هەندێکی دیکە کوالیتیزمی دووەمیش بوونێکی حەقیقەتانەی هەیەو دەڵێین بەها جەوهەری هەمووشتەکانە، مشت و مڕی دیکەش هەیە لەمەڕ ئەوەی کام لەو بەهایانەی باسمانکردن هەر لەراستیدا بوونیان هەیەو دەکرێت پێوەندییان لەگەڵ بکرێت؟ فەلسەفەکاران دەبێژن: گومان لەوەدانییە کەبەهای جوانی (ئستاتیکا) یەکێکە لەو بەهایانەی کەدەکرێت پێوەندی لەگەڵ بکرێت و دەکرێت لەدیمەنی سەرنج راکێشی بەشێك یان جێگایەکی سروشتانەوە ئەزموونی بکەین دارستانێك، باخچەیەك دیمەنی بەهارو سەیرانگایەك پۆستەرێکی جوان.....هتد، هەرچی بەهای چاکخوازیشە ئەوا لەکردەی چاکەوە بەدیاردەکەوێت، بەڵام بەڵگەی نیشاندان و سەلماندنی بوونی چاکخوازی جگەلە ئاسەوارەکەی شتێکی دیکەمان بۆ بەرجەستەناکرێت، لەفەلسەفەی مۆدێرندا بەو ئاقارەدا ئیش دەکرێت کەبەهاکان بوونێکی عەینی (objective) یان هەیە، زیاتر لەوەی کەتەنها چەمکگەلێکی مەعنەوی و ناوەکی بن.[١٨] ئەگەر سەرنجێکی فەلسەفەی ئەفلاتونی بدەین دەبینین بۆیەکەمجار لەمێژووی هزردا ئەفلاتون بەهەموو ئەو چەمکانەی کە لەچییەتی گشتی دا هاوبەشن زاراوەی نموونەکانی (المپل) بۆ بەکارهێناون و پێی وابووە کەئەوانە لەجیهان یەزدانی ناماددیدا بەسەربەخۆیی جێگیرن، لەکاتێکدا ئەرەستۆ ئەم تێزەی رەتکردووەتەوە و پێی وابووە هیچ جۆرە بوونێکی سەربەخۆیان نییە بەدەر لەم سروشت و جیهانە دیارو بەرچاوە، بەڵکو روونتر بوونەکەیان تەنها لەنێو خودی تاکەکاندا هەیە، بەوێنە مرۆڤایەتی وەك

چەمکێکی ئەقڵی و چییەتیەکی هاوبەش تەنا لەناو تاکەکاندا بەرجەستەیە لەمن و تۆو ئەوانی دیکەدایە، جیاوازییەکە لەوەدایە کە تاکبوون (in dividuality) و هەمەکی (universal) بوون لەتایبەتکردن و گشتاندایە، کاتێ مانایەك بەرجەستەدەکرێت لەشتێکدا ئەوە مەبەست پێی تاکبوونیەتی، کاتێکیش مانایەك پەتی دەکرێت و بەشێوەی گشتاندن بەکاردەبرێت ئەمەش دەبێت بەهەمەکی (universal) بەم پێیە هەرچی گشتاندن و هەمەکییە (abstraet universal) لەدەرەوەی زەین و بیرکردنەوە هیچ بوونێکی نیە بەڵکو ئەم چەمکە لەنێو تاکەکانیدا بەرجەستەیە، کەواتە رەوایەتی بوونی هەیە، بەلاّم ئەوکاتەی کە بگوترێت لەناو تاکەکانیدایە.[١٩] ئەم ناکبوون و جیاوازبوونە لەسەربەخۆبوونی چەمکی تاکبوون و هەمەکیدا گرفتی گەورەی خولقاندووە، چونکە مەسەلەکە پەیوەندی بەنەفیکردنی یەزدانیشەوە هەیە، کەلای زۆربەی فەلسەفەکاران بوونێکی سەربەخۆ و بەڵکو واجب و وجودیشی هەیە.

لەچاخەکانی ناوەراستدا فەلسەفەکاران دابەشی سەر دوو قوتابخانەی سەرەکی بوون، قوتابخانەی ناودانان (الاسمیە) (nowinalism) لایەنگرانی قوتابخانەی نۆمانیلیزمی سەرلەبەر چەمکە هەمەکییەکان (abstraet universal) رەتدەکەنەوە و پێیان وایە ئەو چەمکانە نەئەقڵ و نەلەدەرەوەی ئەقڵدا هیچ بوونێکیان نییە، پێیان وایە ئەو چەمکانە لەهەندێ وێناکردنی هەستی بەولاوە هیچی دیکەنین.

رۆسۆلین (roscelin) سەدەی یانزدەیەمی زاین گوتویەتی: ئەو چەمکانە تەنها وەك مشتێك باوایە لەدەستی خۆتدا بیگریت و هیچ بەڵگەیەکی سەلماندنیان لەگۆرێ نییەو بەڵگەی سەلماندنی هیچ هەبوویەك (موجود) نین.

دووەم قوتابخانەش قوتابخانەی ریالیستی رەهایە کە دەڵێن هەمەکییەکان (یۆنیڤێرسالز) بوونێکی راستەقینەی سەربەخۆی هەیەو وەك هەر دیاردەیەکی دیکە لەدەرەوەدا دەسەلمێندرێت، ئەرستۆ بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم گرفتە فەلسەفیە هەبوونی سروشتی کردووە بەدووبەشەوە، کەرهەردووکیانی بەئەزەلی و کۆنینە (قدیم) ناوبردووە ئەو دووەش ماددە (mattat) و وێنە (form) ە، ئەو دووانە هیچیان سەربەخۆ نین و بەجیالەئەوی دیکە هیچ بوونێکی نیەو ناتوانرێت بەدەر لەئاستی بیرکردنەوەی پەتی لێك جیابکرێنەوە، هیچ ماددەیەك بەبێ فۆرم بوونی نییەو هیچ فۆرمێکیش بەبێ ماددەیەك بەبێ فۆرم بوونی نییەو هیچ فۆرمێکیش بەبێ ماددە نابێت، چونکە

فۆڕم تەنها لەماددەدا دەردەکەوێت، هەرچی ماددەی یەکەمە (hylo – hulo) سەربەخۆ بوونی نیە و بەدیار ناکەوێت و نەوەسف دەکرێت و نەپێناس و نەسنور بەند دەکرێت، بەلاّم کاتێ فۆڕمی بەبەرداکرا ئەوکاتە هەموو پێناس و سنوربەندکردنەکان بەئاراستەی فۆرمەکەدا دەکرێن، کاتێك ماددەی یەکەم یان وەك وتمان ماددە لەدۆزی هیولایدا (hulo) دەچێتەبواری فۆرمات بوون و وێنە وەردەگرێت وەك درەختێك گوڵێك......هتد، ئەوە لەدیدی فەلسەفییەوە بەگواستنەوە لەباری توانابوون (الامکان) (potentlality) وە بۆ باری بوون (الوجود) کە بەکتۆلایزەیشن (Actualozation) ناوزەدیان کردووە بەجەستەدەبێ.

ئەم گواستنەوەیە لەئیمکانەوە بۆ بوونی راستەقینە بۆخۆی جوڵەی (omovement) هەموو جوڵەو مۆڤمێنتێکیش هۆکارێکی (cause) لەپشتەوەیە، لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامە کەئەرستۆ جیاوازی بنەڕەتی کردووە لەنێوان هۆکار و فاکتەرەکاندا (العلل و الاسباب) هەربۆیە لەپێناسەکردنی فەلسەفەشدا گووتویەتی: فەلسەفە بریتیە لە توێژینەوەی هۆکاری بەرایی (العلل الاولى) و بنەماگرنگەکانی هەبوون (الوجود) ئەرستۆ ناوی لێناوە لاهوت (theologh) ئەرستۆ گوتویەتی : بیرمەندە پێشینەکان تەنها گرنگیان بەهۆیە مادییەکان داوە بەوپێەی کە ماددەی بنەڕەتی هەمووشتەکانن و هەموو دیاردەکانی جیهانی سروشتی لەو هۆیانەوە سەرچاوەیان گرتووە، هەروەك بڕواشیان وابووە کە هیچ ماددەو کە رەسەیەك هەروا لەخۆڕاو بەبێ هیچ چاوگێك پەیدانابێت، بەڵکو هەر دیاردەو شتێکی ئەم جیهانە لەشتێکی دیکەوە پەیدابووە و هەروەك هیچ شتێکیش لەبەین ناچێت و ببێت بەهیچ ئەم بۆچوونەی پێشینەکان وایکردبوو ئەوان نەتوانن سەرنج لەئەودوای هۆیەکانی تربدەن بەتایبەتی هۆکاری جوڵە لەماددەدا، هەرچەندە ئەنسکاگۆز و ئەمبادۆکلێ ئاماژەگەلی وایان هەیە کە لەو بازنەداخراوەی بیرمەندە دێرینەکانی پێش سەردەمی ئەرستۆ هەڵبوێرێن، چونکە سەنکساگۆز دانی بەبوونی (ئەقڵ) داناوە و (ئەمبا دۆقلێ) یش بنەمای خۆش ویستن و رکابەربوونی داهێناوە لەسروشتدا، ئەم دووچەمکەش هۆکاری پێکەوە گونجان و لێکترازاندنی ماددەکانی سروشتن بەهەموو مەوداو دیاردەو شتەکانیەوە.

ئەرستۆ پێی وابوو دیاردەو شتەکانی جیهانی سروشتی لەماددەیی دیاریکراو پەیدابوون بەشێوەیەکی تایبەت و دیاری و بۆ ئامانجێکیش پەیدابوون، ئەوەتا فۆڕمی درەخت لەمرۆڤ جیاوازە و

مرۆڤ لەئەودوای گیانداران و .....هتد، لای ئەرستۆ سەرجەمی دیاردەکان لەژێرکاریگەری چوار هۆکاردا پەیدابوون کەئەوانیش:

١-هۆکاری ماددی (substratum – matter) کەبەمانا ئەو ئەو ماددەی واشتی لێدروست دەبێت.

٢-هۆکاری وێنە پێدان و فۆڕم بوونە (Essebce – form) مەبەست ئەو فۆڕمەیە کەماددەکەی پێدەبێتە ئەوشتە دیاریکراوە، درەختێك مرۆڤێك بەردێك....هتد.

٣-هۆکاری خولقێنەر (العله الفاعله) کە ئەو هۆکارەیە واشتکە دروستدەکات و وێنە و فۆڕمی پێدەبەخشێت.

٤-هۆی ئامانجداربوون (العلة الغائیة) مەبەست لەم هۆکارە ئەوەیە کەدروستکەر بەهۆیەوە ئەو ماددەی دروستکردووە و بەو فۆڕم و شێوەیەش دروستی کردووە ساناتر دەڵێین: هۆکاری ماددیانەی تەپڵەکێك تەختەکەیە و هۆکاری فۆڕم بوونی بریتی یە لەوە کە ئەو تەختە بەشێوەی تەپڵەك دروستکراوە نەك مێز، هۆی دروستکاریش (علە فاعلە) دارتاشەکە دەگرێتەوە و دواین هۆکاریش ئەو مەبەستەیە کەئەوتەپڵەکە یان ئەو شتە دروستکراوی بۆبەکاردەهێنرێت.

لێرەوە دەگوترێت هەموو هەبوویەك دووروی هەیە، رووی ماددییانە کە هەمیشە لەگۆڕاندایەو رووی فۆرم بوون کەشتێکی جەوهەرییەو نەگۆڕە، کەواتە شتەماددییەکان لەبارێکەوە دەگۆڕێن بۆ بارێکی دیکە، بەڵام جەوهەرەکەی (hulo) گۆڕانی بەسەردانایەت، بەڵکو هەروەك خۆی دەمێنێتەوە، ئەنجامی زانینی ئەم مەسەلەیە شتێکی مومکینەو ناچێتە بابی موستەحیل بەپێچەوانەی کۆمەڵەی سۆفەستایی کەپێیان وایە هیچ شتێك نییە و ناسین و زانینی حەقیقەتی شتەکان لەتوانای مرۆڤدانین و کەس ناتوانێت راستی و دروستی مەسەلەکان وەك خۆیان بزانێت بۆیە ئەوان لەهەمووشتێك بەگومان بوون و فەلسەفەی گومانگراییان بەرهەمهێناوە و پێیان وابووە شتەکان رێژەیین، لای ئەفلاتونیش تاك شت و بەشەکی (الجزئی) وەك ماددەیەکی بنەڕەتی وبەرایی وێنەیەکی شێواو و کەم و کورتی جیهانی نمونەییە، بەڵام لای ئەرستۆ دەبێتە بابەتی ئەپستمۆلۆژیاو ئەکرێت بەشێوەیەکی راست و دروست بزانرێت هەر لەبەرئەوەشە هەندێك لەتوێژەرەکانی بیروهزری مرۆڤایەتی ئەرستۆ بەداهێنەری فیزیا دادەنێن، ناسینی ئەم جیهانە ماتریالەی کەلەدیار چاومانە و زیاتر لەرێگەی زانستی فیزیاوە دەناسرێت لەناسینەکەیدا سوودمەند دەبین و لەژیانی ئەم دونیایی

خەڵکدا بەکەڵکە لەگەڵ ئەوەشدا بەتەواوەتی ناتوانرێت بناسرێت، چونکە کاتێك دەتەوێت بەووردی و بەباشی لێی حاڵی ببیت و بیناسیت بەئامانجی سودمەندبوون ئەوە دەکەیت، نەك بەمەبەستی لێشارەزابوون و پێ ئاشنابوون بەبێ هیچ مەبەستێك، بۆیە دوای دابینکردنی ژیانی ئەم دونیایی بایەخدارترین و راست و رەواترین مەعریفە، مەعریفەی یەزدانییە واتە ناسینی هۆکارە دواییەکان و فاکتەرەکییەکانی ناسینی هەبووەکانە (الموجودات) ئەمە بۆخۆی مەعریفەیەکە دوورە لەهەرجۆرە ئامانج و مەبەست و دەسکەوتێك جگەلەوەی ئەمە رێگایەکە بۆ ناسینی خودی یەزدان، هەربۆیە ئەرستۆ بەحیکمەتناسی رەها ناوزەدی کردووە.

ئەم زانستی یەزدانیە لای ئەرستۆ مومکین بووە، هەرلەم سۆنگەیەشەوە لەدیدی مێژوونوسەکانی فەلسەفەدا بەخاوەنی رێبازی دۆگماتیزمیەت ناسراوە، گوایە مزگێنی ئەوەیداوە دەکرێت لەمەسەلەکانی میتافیزیکا دڵنیابین و بگەینە دواین ئەنجامی راست و دروست تیاداو ئەکرێت بەڵگەی سەلمێنەریش پێشکەش بکەین، ئەرستۆش لەئاماژەیەکدا گوتویەتی : یەکەم پەتی و رەهابوون (التجرید و المطلق) دووەم : تاکو ئەو پەڕ ووردو نادیار کەبیرکردنەوەی تیژ ئەنجام گیریت دەست دەکەوێت.[٢٠]

سەرچاوەکان:

١- الفلسفە و الانسان، سەرچاوەی پێشوو، ص،٤٧-٤٨، سەرنج بدە لە (فكرة التطور في الفلسفة المعاصرة) عبدالعمر رسالە ماجستير – جامعە، الكويت، ١٩٧٤.

٢- الموسوعة الفلسفية المختصرة، نقلها على الأنكليزية، فؤاد كامل : جلال العشري، عبدالرشيد الصادق مطبعة اوفسيت الميناء – بغداد، ١٩٨٣، ص – ٥١٨.

٣- الفلسفە و الانسان، سەرچاوەی پێشوو، ٤٩-٥٠.

٤- نشأە الفلسفە العليمە، سەرچاوەی پێشوو، ٧٤. القاهرە ١٩٧١، ص١٢٨ الفلسە و الانسان - سەرچاوەی پێشوو، ٥٠

٥- المذهب المادى و الثروة، جان بول سارتر، ترجمة، سامى الدروبي و جمال الاتاسي، دمشق ١٩٦٠، ص ٤٨-٦٤. مدخل إلى الفكر الفلسفى، سەرچاوەی پێشوو، ١٢٣-١٢٤. الفلسفە والانسان، سەرچاوەی پێشوو، ٥٠-٥١.

٦- مدخل إلى الفكر الفلسفي، سەرچاوەی پێشوو، ٩١-٩٢. الفلسفه و الانسان سەرچاوەی پێشوو، ٥٦مدخل إلى الفكر الفلسفي، سەرچاوەی پێشوو، ٩٣.

٧- سەرچاوەی پێشوو، ص ٩٤ – ١٤ – ١١٧.

٨- سەرچاوەی پێشوو، ص ٩٥.

٩- مبادئ فلسفه المستقبل، فيورباخ، ترجمه الياس مرقص، بيروت، ١٩٧٥، چ ١٠٩.

١٠- هەردوو سەرچاوەی پێشوو.

١١-تيارات الفلسفه المعاصره، أميل برهيه، ص ٨٤.

١٢-الفلسفه و الانسان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧ــ٦٠.

١٣-من الميثولوجيا إلى الفلسفه، د. حسام الآلوسي، ط٣، بغداد – ١٩٨٥،ص٢١. ومبادئ فلسفه المستقبل فيورباخ، ترجمه الياس مرقص. بيروت ١٩٧٥،ص١٠٩. الفلسفه و الانسان، المصدر السابق،ص ٦٠.

١٤-المدخل إلى الفلسفه، آزفلد كولپه، د. ابوعلاو العفيفى،ط٥، القاهره، ١٩٦٥، ص٥.

١٥-سەرچاوەی پێشوو، لـ١٣٤. المدخل غلى معانى الفلسفه، د. عرفان عبدالحميد فتاح، دار الشؤون الپقافيه العامه، وزاره الپقافه والاعلام العراقى، ١٩٨٦،ص١٣٩.

١٦-المدخل إلى الفلسفه، سەرچاوەی پێشوو، لـ ٢٨٨.

١٧-المذاهب الفلسفية العظمى في العصور الحديثة، د. محمد غلاب، دار احياء، المتب العربية ، القاهرة، ١٩٤٨، ص١٩ـ٢٠.

١٨-المدخل إلى معانى الفلسفه، سەرچاوەی پێشوو، لـ٦٩ــ٧٠.

١٩-سەرچاوەی پێشوو، لــ٧٥ــ٧٦.